سەرەتا، دکتۆر سامی گوتی : هەر لەدوای ئەنفالە کانەوە، چەندین یارمەتیمان لەبۆ هات کە ئێمەیش بەسەر منداڵەکاندا دابەشمان دەکرد، دامەزراندنی کۆمەڵەی منداڵپارێزی کوردستان، بوو بە ڕێگە خۆشکەرێک لەبۆ ئاسانکردنەوەی کارەکانمان و بیرکردنەوە لە شێوازێکی نوێی پەروەردەکردنی منداڵان.

دوای هاتنە کایەی ئەم کۆمەڵەیە، دوو ئەندامی KRA لە باشووری سوێدەوە بە 700 دۆلارەوە کە بە یارمەتی ئەو خەڵکەی باشووری سوێد، کۆکرابووەوە، گەڕانەوە کوردستان و بریاری ئەوەیان دا کە پرۆژەکە شێوەی (خانە) وەربگرێت.ئەوسا هەر ئەو دوو برا و خوشکەی کە ئەرکی پرۆژەکەیان وەئەستۆ گرتبوو، ڕاپەڕین لەبۆ کۆکردنەوەی منداڵان و وەگەڕ خستنەوەی پرۆژەکە.

**پرسیار:** ئایا KRA ئەم پرۆژەیە بە پرۆژەی خۆی دەزانی ؟ و ئەوانی تر بە پێچەوانەوە ؟

**سامی:** هەر لە سەرەتاوە، ئەو سێ کەسە خانەکەیان دروست کرد و ئێمەش تەنها وەکو (سندوقی دارای)ی ئەوانین و پشتگیرییان دەکەین. جا ئێمە و ئەوان بەو جۆرە ڕێکەوتووین و بە پێی ڕیکەوتننامەکە کارەکانمان بەڕێوە دەبەین.

جگە لەمە بەپێویستم زانی کە سەردانیێکی خانەکە بکەم و پێویستییەکانی منداڵەکان بزانم.

لە سەردانەکەمدا، ئەوان هەموو شتێکیان بە بچوکی جێگەکەوە دەبەستەوە و ئەمەش تا ڕادەیێک ڕاستە، بەڵام هیچ شتێکیش بەبێ هۆ نیە.

بەیان خانم، پارێزەرێکی ئاشورییە و لێپرسراوی دارایی خانەکەیە و هەروەها کاری ڕێنمایی و گەڕاندن و شتی تری لەسەر شانە،لەم بارەیەوە ئاوها دەڵێت:

لەسەرەتادا دڵنیا نەبووین لە بەردەوام بوونی پارەکە، بۆیە ناچاربوین کە ڕەزیلییێکی زۆر بکەین، تەنانەت لەخواردنیشدا، بەڵام هەرگیز لە ژەمی ئاسایی ماڵەوە، کەمترمان نەداونەتێ.ئەگەر دەڵێن کە گۆشتی کەممان داونەتێ، هەروەکو کوردەکانی سوێد باسی دەکەن، ئەوا دەبێ بارودۆخی کوردستان لەبەرچاو بگرن، ژیانی خەڵکی دەرەوە و خەڵکی کوردستان وەکو یەک نیە بە هەر حال لەگەڵ جەلال‌و پرشەنگ‌دا سەرمان دەکرد بە هەموو کون‌و کەلەبەرە کانی مەزاتخانەکەدا بۆ ئەوەی شتێ پاشەکەوت بکەین، ئێستا وەکو ئەوسا ئاسۆمان لێڵ نیە، لەبەردەوامبوونی یارمەی دڵنیا بووین بۆیە بەرنامەمان گۆڕی،



www.arsivakurdi.org

شیعر

شۆرش محەممەد عەلی



# سوتان

جلی گڕم کردەبەر و

بەسەرنەوتی بڕێوی خۆمدا

قاچم خزان!!

ویستیان بە ئاوی مردوان بمشۆن

پەنگری رۆح و لاشەی زیندووم

قمرێنن!!

هەناسەیەک سواری پشتی زمانم بوو

ووشەی نای بە گورتاودا

نا ...... نا ...... نا ......

هەر ئەو نایە ... گڕی لە ئاویشا بەردا!!

* * *

ئەی ئەو زەویەی ...

لە ئامێزی خۆت گرتم و

نەیانهێشت

قاچم لە پانتای رۆحتا گیر کەم

دەستم بگرە ...

با ئەو کزە بایە سووکە نەمبا!!

کە بینیشت جلی گڕم کردۆتەبەر

لسەر رایەخی نەوتی عشقا

قاچم دەکوتم

لێم گەڕێ! بسووتێم

تا دەبم بەسەمەندەر!

خۆ هیچ نەبێ

خۆڵەمێشی جەستەی ماندووم

بەسەر سینگ و مەمکتا دەبارێنم

دەڵێم گەڕێ

با بسووتێم ... با بسووتێم ...

با

بـ

سوو

تێم ...... !!

۱۹۹۰/۱/۱
هەولێر

# زیندانی ژمارە نۆ



زیندانی ژمارە نۆ

وەخۆی نەگرتم ......

ژووری بەبێ دەرگا

ئامێزی بۆ کردمەوە !!

لە نێوان دڵۆپێ خوێن و چەنگێ خاک بووم

بە مردوویی ناویان لێ نام

بە مرۆ بانگیان لێ راهێشتم !!

بە زیندوویش ...

پەنجەرەی چووک و بنمیچیان

پێ ناساندم !!

وەک دوو دڵدار ...... دەمیان نابۆ نێو دەمی یەک !!

من لەوانە نیم ...

دوو دڵدار لەیەک بکەم

بەڵام ئەو ژوورە بەسەر خۆمدا

دەتەپێنم ...

ئەو دوو لێوەش لەیەک دەکەم

تا پەنجەرەکە بشکێنم و

براکەم ... بە ئاسودەیی لە دەرگاوە

بەبێ دیوار ... بچتە ژوورەوە

ئەو ژوورەی پێی دەڵێن

جیهان !!

۱۹۸۹/۱۱/٤

www.arsivakurdi.org

تیایدا دەتوێتەوە تاوەکو تاکایایەتیە ڕەهاییەکەی خۆی تێبخات.

- مێژوو بزاڤە، کارە قارەمانانەیەکانە مێژوو، مێژوو خۆی تەقینەوەی دەلالەتی گشت ئەو ساتە گرژ و شپرزانانەیە، مرۆ لەو هەموو ساتانەدا بە خۆی شتێکی لێقیت دەکاتەوە، بەوە ئەمرۆ لە دوێنێ هاوێر دەبێ، لەو هەموو ساتانەدا، هەوڵەدا خۆی داپێن بکات، هەوڵیش دەدا لە هەموو سەعاتێک چوارچێوەیەک بۆ ئەبەدیەێکی کاتینە بکێشێ. تاکە دەربازبوونێک کە لەبەر دەستدا هەبێ، لەم حاڵە زەمەنیەدا، ئەوەیە کە لەناو زەمەندا خۆی نقووم بکات، یاخود تاکە ڕێگایەک بۆ بەسەر زەمەن زاڵبوون، ئەوەیە تیایدا بتوێتەوە، ئەو کە دەرکی کرد کە ئەبەدیەت ناپێکێ، لە تاکە ساتەکەیدا بە ئەفراندن وازدێنێ، ئەو ساتەی کە ناکرێ دووبارە بێتەوە، بەم کارە بوار بۆ لەدایکبوونی مێژوو والاْ دەکا.

- ئەم دۆخە وایلێ دەکا ببێتە شتێکی تر، کاتێ کە بووە ئەو شتەی تر، بە خۆی بەسەرپێ دەکەوێ، ئەو، هەر لەسەر ئەم بەسەرپێکەوتنە وەستاویە ڕاناوەستێ، دەبێتە وێنەی خۆی.

- خوڵقانی شیعریەت، خۆی لە خۆیدا ئەزموونێکی سەربەستانەی مرۆڤایەتیە، ئەوەی کە بە ئیلهام ناوی دەبەن، ئەمە تەنیا شکۆفەکردنی سەربەستیەکەیە. ئەزموونی شیعریی بۆخۆی بە دیارخستنی دۆخی ئادەمیزادە، هەر بۆخۆشی ئەم ناوپێبەخشینە ڕەهایە سەربەستییە ڕاستینەکەی تیایدا دەسارێنێ. کەواتە سەربەستییەکەی مرۆڤایەتی، بزاڤی ئەو بوونەوەرەیە، شیعرە ئەو ناوە هەمیشەییەی بە مرۆڤ بەخشیوە، لە ئاخیرەتدا پێویستە لەسەری هەمیشە بۆ شتێک پشتیوانی بکا، هەروا ئەویش بۆ بەهایەک یان ئەزموونێکی دیاریکراو دەکۆشێ، شیعر ئەو یاسایە نابەزێنێ، چونکە جوداوازی ڕەفتاری شیعر، ئەو ئاخافتنەیە، ئاخافتنی گشت شتێک ئەوە خۆی لە خۆیدا شتێکە، دەبێ ئەو شتە چی بێ؟ ئەو شتە مێژووەکە دەکرێ بە مێژوو بکرێ (بەروار بکرێ). ئەوەی شاعیر دەیڵێ، جا ئەو گوتنە ئەوە ئەڤینبازیەکەتی (غرامیاتە) لەگەڵ (گاڵاْ) یان گەمارۆدانی «تروادە»یە، یان مەرگی «هاملێتە» یان تامی مەی ئێوارانە، یان تەمێکی سەر دەریایە کە دەیڵێ. شاعیر تایبەتمەندیەکەی بە ئەزموونە مێژوویەکەی دەبەشخێ، تایبەتمەندی کەسایەتیەکەی خۆی، یان کۆمەڵی، یان هاوکات هەردوولای پێدەبەخشێ. وەلێ کاتێ کە لەسەر ئەو ڕووداوانە و ئەو سۆز و ئاتیفە گەرمانە و ئەزموونکاری تاکە کەسان دەئاخڤێ، هەروا هاوکات لە شتێکی تریش دەئاخڤێ، یان لەو کاتەدا بە خۆی چی دەکات، وەیا ئەو کاتەی کە لە دایکبوون لە ناوماندا ڕوودەدا، یان ڕووداوەکانی بەرچلومان هاوکات لەو چامەیەدا لە هەموویان دەئاخڤێ، هەروا شاعیر لە هەمان چامەدا لەسەر کاری خوڵقاندن و ناوپی بەخشینەکە بۆمان دەئاخڤێ. بەڵکو لەوەش زێتر، بۆ سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی چامەکەی خۆی کە ناونیشانەکەشی لەسەرداناوە هانماندەدا، شاعیر بەوە چییەتیەکەی خۆمان بۆ ئاشکرا دەکات.

- من لێرەدا نامەوێ بڵێم، شاعیر دەبێ شیعر بە شیعر بخوڵقێنێ، یان لە کاتی پەیڤاندنی شیعریدا بە تەرزێکی کتوپڕی ڕاپسکێ، تا ئاخافتنە تایبەتیەکەی خۆی پێشکەش بکا. بەلاْمەکێنێ دەمەوێ بڵێم ئێمەمانان و ئێوە کە دەیخۆێننەوە، لە نوژەنەوە ئەم کارەی دەخوڵقێننەوە، لەگەڵ ئەودا سەرکێشیەکانی دەژێننەوە، بەم سەربەستییە ڕەفتاو دەکەین، بەهۆی ئەمەوە ناو بە دۆخە مرۆڤایەتیەکەمان دەبەخشین. یاخود ئێمە لەناو ئەو ساتە شیعرییە دەتاوێنەوە تا شێوەیەکی باشترمان لێدرووست بێ، ئەوکات هەست بکەین کە ئێمە خۆمانین، هەست دەکەین ئێمە بووین بە ئەوانی تر.

- ئەو لێکدژیە شاراوەیەی ناو هەموو چامەیەک، ئەوە مەرجێکە بۆ مەرجەکانی ڕواڵەتەکەی... چامە یەکەیە (وحدە) ئەم یەکەیە تەنیا بە توانەوەی ئەو لێکدژە قەوارەکەی وەردەگرێ.

- ئەم ئەزموونەی کە پێشتر نیشانمدا، ئەوەی کە بخوێن دووبارەی دەکاتەوە هەڵبەت ئەم دووبارە گەڕاندنەوەیە لەگەڵ شاعیر هاوواتا وێکناچێ، ئالێرەدا بەهای چامەکە دەردەکەوێ. ئاسایشە گەر بخوێن کتومت وەک مانای خودی چامەکە تێی نەگات، ئەم چامەیە کە چەندان ساڵە، یان چەندان نەوە بەر لە ئێستا نووسراوە، زمانەکەی ئاڵوگۆڕیی تێکەوتووە، یان ڕەنگە هەتا لە هەرمێکی جوگرافی دووری خاوەن بە زمانێکی جیاوازیش نووسرابێ. بەلاْم گشت شتەکان گرنگیەکی ئەوتۆیان نییە، چونکە وەرامدەری شیعری خەملیو بوو چامەکەش توانای پشکنینەکەی بەردەوام پاراستبوو گەر بخوێنێش توانی بۆ ناو کرۆکە ئەفسوو ناویەکەی شۆڕبێتەوە، وەک هەر دووبارە خوڵقاندنەوەیەک، دووبارە خوڵقاندنەوەکەی بخوێن ناکرێ خشت وەکو دانە نووسراوەکەی شاعیر بێت، ئەو چامەیەی کە ئەم وێکچوونە قبووڵ نەکات، ئەوە بە خودی کاریگەریە خوڵقاندنەکەی خۆیەوە ئاوێزانە، لێرەوە بخوێن ساتەکە دووبارە دەخوڵقێنێتەوە، هەروا خودی خۆشی دەخوڵقێنێتەوە.

- چامە هەمیشە کارێکی ناڕەخسکاوە (غیر متکامل)، هەمیشەش لەگەڵ هەر بخوێنێکی تازەدا بۆ ڕەخسکان و خەملین لە بارە. مەزنایەتی شاعیرە گەورەکان، هەمیشە تازەگەریان، توانستیان لەوەدایە، دەبن بە کسانی تر بێ ئەوەی بشزانن کە خۆیانن.

بۆیە ئەو شتانە کە شاعیر لە بارەیانەوە دەئاخڤێ، «بۆ ئەم، یان ئەو: گوڵ، مەرگ، نیوەڕۆیەکی هەتاویی، دەسبەرداگرتنی گێژەنێکی تێکسەڕوای ئالاْیەکی ئاپۆڕەی گل بۆوەیە» ئەو شتەیە، هەموو ترسێک کە لە ئاخافتنی شیعری هەیبووە، پێشکەش بە بخوێن دەکا، خۆشی لەگەڵ ئەم دۆخەدا ئاشت دەبێتەوە.

ئەو دۆزینەوەیە نە شتێکی ئەسکۆپیدیایە و نە بەشتێکیشەوە بەندە، چونکە کە گەیشتە ئەم پلەیە ئەوە دەبێتە فەلسەفە. بەڵکو ئەوە گەڕانەوەیەکە بۆ هەقیقەتی بوونەکەمان کە شاعیر دەیدۆزێتەوە، هەروا شاعیر شێوەی حوکمڕانی وەرناگرێ.

شیعریش کارێکە هێ لە خۆی شتێکی تر ڕاڤە ناکات، شێوەیەکی ئەپستراکیش وەرناگرێ، شیعر بارودۆخ ڕاڤە ناکا، ئەزموونێکە تەنیا بارووودۆخەکەمان دەدۆزێتەوە و لەسەر خەملاندنی یارمەتیمان دەدات. بۆیە شیعر شێوەیەکی هاوسۆز و ئایتفە ئامێز و بە گوتەی بەرچاوو ئاوێزان بە ئەوەیان و ئەمەیان خۆی گرێداوە.

- ئەزموونی شیعریی جاگەر ڕەسەنایەتی بێ، یان لە خوێندنەوەوە بەرهەم هاتبێ، نەفێرمان دەکا و نە شتێکیشمان لەمەڕ ئازادی پێ دەبێژێ، چونکە شیعر هەر خودی خۆی ئازادیە، ئەو ئازادیەی کەوالاْ دەکا و ئازادیەکەی ئەم ساتە بە مرۆ دەبەخشێ. ئەم هەمە چەشنایەتیە نادیاریکراوەی چامەیە، کە مێژووی نەمر کرد، لەسەر ئەزموونێکی تایبەتمەندی شیعریانە سەرهەڵدەگرێ، کە هەر بە خۆشی لەلایەکی دیکەدا ئەزموونی ئەمە و ئەوەیەکی ترە، هەروا هەر ئەم هەمەچەشنیە ئەمەش بۆخۆی بناغەی تاکایەتیە، چونکە لەو هەموو ئەمە و ئەوێهێیەدا، دۆخە مرۆڤایەتیەکە هەر بە ئامادەباشی دەهێڵتەوە. شیعر لە جیاوازی نێوان ئەم شتە و ئەو شتەی تردا کە دۆخی ئێمەیە سەرهەڵدەگرێ و بەرجەستە دەبێ، ئەگەر بێجگە لە خودی خۆی لە خودێکی تریش خۆی بەرجەستە نەکا ئەوە قەوارەکەی تەواو ناکات.



www.arsivakurd.org

ئەم جوانیە لە ڕادەبەدەرانە بۆ ئەم مەبستە لاهوتیانە تەرخان بکات. هەروا ئەگەر (باشۆ) لە سەدەی هەڤدە لە ژاپۆندا نەژیابایە نەیدەتوانی ئەو نووسینانە بنووسێ، بەلاّم بۆ ئەوەی حەپسان بمانگرێ پێویست ناکات بە بوزایەتی (زن) بڕوا بێنین. هەرکە دیمانەی مێژوومان بۆ دەردەکەوێ هەر دەڵێی یەکەیەکی گشتییە و لەسەر هەموو کارەکان توانای پێبەخشینی هەیە، چامە هاوجووتیەکەی نابەخشێ، بەڵکو ئەوەی کە دابینی دەکا ئەوە خودی چامەکەیە، وێرای چوارچێوەی ئەو هێلە هاوجووتەی کە پرۆسەی شیعر لەسەریدا دەگوزەرێ دابین دەبێ: کە ئەو زەمەنە مێژووییە بۆ زەمەنێکی نموونەبەخش وەردەچەرخێنێ. ئەم نموونەبەخشەش لە زەمەنێکی مێژوویی دیاریکراودا بەرجەستە دەبێ، هەر خودی ئەو بزاڤە هاوجووتەیە قەوارەی شیعر دەخەملێنێ: رێنگایەکی تایبەت و ناتەبایە، بەلاّم رەوتەنە هێلە شیعریە مێژووییەکە، ئەوەیان جەدەلیە، ئەو جەختەی کە شیعر ڕەتیدەکانەوە: زەمەن و یەک بە دواییەکەکانە.

– شیعر هەست ناکات، بەلاّم مرۆیە دەبێژێ، چاکترین رێنگاش بۆ هەست بە شیعرکردن، ئاخافتنەکەیەتی، کاتێ کە هەر ئاخافتنێک خۆی لە خۆیدا ئاخافتن لە شتێک بێ، ئاخافتن لەمەڕ ئەم شتە یان ئەویتر، ئەوە ئاخافتنی شیعریە، هەرگیز لە کەرەسەکانی دیکەی ئاخافتنەکان جوداواز نییە. ئەو شتانەی کە شاعیر لەسەریان دەئاخڤێ ئەو شتانە هی خۆیەتی، هەروا کە لە جیهانەکەی خۆی دەئاخڤێ هاوکاتیش لە جیهانەکانی تر دەخافتێ، وێنە شەوانییەکانی بەشێکە لە وێنە رۆژانەییەکانی، بەلاّم ئەم وێنانە لە دیدی یاسایەکی تردا دەخولقێنرێتەوە.

– ئەو کاتەی کە شاعیر مێژووش ڕەتدەکاتەوە یان کە پشتگۆیشی دەخات ناتوانێ لێی دەربچێ. تاحەز بکەی ئەو تاقیکردنەوانە نهێننە، تاحەز بکەی گەرم و سۆزاوین، تاحەزیش بکەی تایبەتن، بۆ دانە پەیڤەکانی کۆمەلاّیەتی، مێژوویی وەردەچەرخێن. شاعیر دەوکاتەدا، بە هۆی ئەم دانەپەیڤانە شتێکی دیکە دەڵێ، ئەو مرۆڤ رادەگەیەنێ، خۆی لە خۆیدا ئەم راگەیاندنە لە هەموو چامەکەدا گرنگترین مانا و واتایە، ئەو لەو کارەدا زۆرجاران شێوەی شرۆڤەیی پەیرەو ناکا، بەڵکو ئەوە لە بنەچەکەدا بۆ شیعرەکە دەمێنێتەوە، بە هۆی وێنە و نەواکانی چامەکە، بە چەشنێک بە شێوەیەکی سەمەرەیی ئاشکرا دەبێ، کە دانە پەیڤەکان دەئاخڤن ماخولیاکە ملکەچیان نابێ، بەڵکو بۆ شتێکی پێشینە (سابق) ملکەچ دەبێ، دانەپەیڤەکانی چامە لەسەر ئەو ماخولیایەدا چەقگیر دەبن. ئەوەش لە بالاّترین حالّدا دۆخی مرۆی ناوبراوە، هەر ئەم کارەشە کە مرۆڤ بەرەو پێشەوە و هەروا بەرەو عەدەم دەیبا، ئەوەش لە پێناو ئەوەیە تا بوون و نازناوێکی پێ ببەخشێ، خاوەن ئەو توانستەی بکا بۆ ئەوەی بتوانێ هەمیشە ناوچە تازەکان داگیر بکات، بەلاّم کە مرۆڤ قاچی خستە ناوێ ببێتە خۆلەمێش، ئەمەش بۆ مەرگێکی تازە بوونەوە و بۆ زیندووبوونەوەیەکی تازەتر، پرۆسەیەکی فراژاوە. ئەو ماخولیایەی کە شاعیران رایدەگەیەنن بە چەشنێکی هەمیشەیی لە چامەدا بەرجەستە دەبێ، بە تایبەتی ئەم دانەپەیڤە هەستدارانە، بۆ ئەم چامەیەیان ئەویتر پشتگیری کارن، نەبەو مەرجەی بەشداریکارێکی نەپساوەی شیعرین، بۆ ئەوەی تا پەیڤەکان لەسەر شتێکی تر توانای ئاخافتنیان هەبێ کە هەر چامەیەک لە بارەیەوە دەئاخڤێ، هەروا ئەو پەیڤانە دەبێ لەمەڕ ئەو شتە یان ئەوەکەی تر بۆمان بئاخڤن.

.– لەناو هەموو چامەیەکدا ئەو لێکدژە شاراوەیە، بۆخۆی مەرجێکە لە مەرجەکانی سروشتەکەی، ئەوەش لێکپچڕاندن، یان هەڕەمەکیەتی نییە هەروەک هەندێ کەس سەرچێغ تێیدەگەن، چامەیەکەیە، ئەم یەکەیەش ئەو لێکدژانە نەتوێنێتەوە ناتوانێ قەوارەکەی خۆی وەرگرێ. ململانێ لە ناو چامەدا، لە نێوانی ئەو دوو جیهانە لێک نامۆیەدا نییە، بەڵکو ئەم ململانێیە لەگەلّ خۆیەتی. لەم روانگەیەوە دایە نەمری چامە، ئەم ململانێیەش کۆتایی نایێ، سیمای ئەم یەکەیە نەمرە بەمە پێکدێنێ، سیمایەکی لووس، شەتەکدراو و چڕژاو بۆ ئەوەی هەرکە هێلی شیعر رووی تێکرد بلوورینی بکات. شاعیر سەربارەی ئەوەی بۆ خزمەت شوێنی سەدەقەی قوربانی کۆمەلاّتیەکەش وەپێشدەکەوێ، بە بڕواکانی پشکداری سەردەمەکەشی، بە ئیمانێکی تەواو ڕەخسکاو دەکات، وەلێ ئەو (شاعیر) وەک بوونەوەرێک هەر بە تاقی تەنیا (متفرد) دەمێنێتەوە، تا بە توانستیی کارەکەی، شتێکی تر بلێ، لەو کاتەش هەر بەو شتانەی کە خەڵکەکان دەیلێنەوە ئەو شتێکی تر دەڵێ.

– ئەو وورياییەی کە لە هەڵسوکەوتی دەوڵەت و کڵێسەکاندا لە بەرانبەر شیعر بە روون و ئاشکرایی دەبیندرێ، لە نیازی ئیمپریالیزمیانەی ئەو دوو دەسەلاّتە ڕەسەنەدا لە دایک نەبووە، بەڵکو ئەوە خۆی لە خۆیدا لە بەرهەمی ئاخافتنی شیعریدا بەرهەمهاتووە، سروشتی ئەم ئاخافتنەی شیعر هەر خۆی وریایی و رووژێنە. ووریابوون لەو شتانەی کە شاعیر نایانئاخڤێ، ئەوانە لەناو خۆماندا لە دایک دەبن، دەبا لەلای خۆمانەوە بە ئاخافتنی شاعیر بیرۆخێنین. ئەو شتەش لە دوو رووییەکی توند و دژواریەک بەرهەم هاتووە کە ڕاناکات، تام و بۆی ئەزموناوی بە دانە پەیڤەکان دەبەخشێ. ئەم تۆمەتە دەمگۆیانە (شائع) کە ئاراستەی شاعیران دەکرێ، چونکە دەبن بسەرهەڵگرتووی بێ ئاگایانە و بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەم جیهانەدا ئامادە نابن، رەنگبێ بەرتەکی ئەوەش بۆ سروشتی ئاخافتنە شیعرییەکە بزڤرێتەوە، وشەی شیعری هەمیشە لەم جیهانەدا ناحەجمێ. بەڵکو ئەم وشانە هەمیشە بۆ میتافیزیکییەکان دەمانبەن، بۆ شوێنەکان، بۆ ئاسمانە تازەکان، راستینە تارەکانمان دەبەن، بۆ ئەوەی شیعر- هەروەک وا خۆ دەنوێنێ- لە دەرەوەی یاسای بزووتنەوەی مێژوودا بمێنێتەوە، چونکە دانە پەیڤە شیعرییەکان بە شێوەیەکی تەواو نەدەبنە مێژوویی و نەبووشن بە مێژوو بە شێوەیەکی تەواو، وێنەی شیعریش هەر تەنیا ئەوە و ئەمەی تر ناگەیەنێ، بەڵکو هاوکات پێکەوە ئەوە و ئەمەش دەگەیەنن، هەروا لەوەش زێتر، هەر دەڵێی ئەمە ئەم وێهێیەیە دەگەیەنێ.

– ئەو مەرجە جووت لایەنیە شیعرییە هەرگیز ناکرێ لە مەرجی سروشتیەتی ئادەمیزاد دووتا بکرێ، مرۆ بوونەوەرێکی زەمەنی رێژەییە، هەر ئەو مرۆڤەیە بەڕەوتە هەمیشەییەکەی بەرەو رەهایی (مطلق) رێدەکات- ئەو ململانێیەی کە مێژوو دەخولقێنێ، لەم روانگەیەی کە ناکرێ مرو هەر بە تەنێ وا بەستەیی بێت.

– ئەگەر کاکڵەی مێژوو لەوا بەستەگی ساتەکان پێکبێ، ئەو ساتە یەک بە دوا یەک هاتوونە و بە دوایکدا هاتنی ئادەمیزاد، مرۆ بە دوای مرۆ، یەک بە دوای یەک هاتنی ژیارەکان، ژیارێک بە دوای ئەویتر، کە وایە لێرەدا دەبێ گۆڕانکاریی لە تەک یەک تەرزدا بڕوات، لە کۆتایشدا مێژوو دەبێ بە سروشت. جیاوازیەکانی نێوان شتەکان، جیاوازیە جۆرایەتیەکان هەر چۆنێ بن، درەختی سنەوبەر هەربەری درەختی سنەوبەرێکی تر دەمێنێتەوە، سەگیش زادەی سەگ. بەلاّم پێ بەپێی مێژوو، ئەو کارە پێچەوانانەی کە روودەدەن، هەر چەندیش ئاکارەکانی نێوان شتەکان هاوبەش بن، کەچی یەکسانی نێوانیان هەر بە مەحالی دەمێنێتەوە، یاخود یەکسانی مرۆ بە مرۆ ناکرێ، یان ساتە مێژوویەکە بە ساتە مێژوویەکی تر یەکسان نابێ- ئەوەی وا لەسات بۆ ساتێکی تر، زەمەن و زەمەنێکی تر دەکا، ئەو مرۆڤ بە خۆیەتی، کە



www.arsivakurdi.org

لیوەکانمان بەو شەشەکیە «سداسیات» کۆنانە راهاتووە تا ئەو شتەی کەبوونی خۆی بەردەوام دەسەپێنێ بژێتەوە، مێژووش ئەو شوێنەیە کە زمانی شیعریەتی تێدا دەڕسکێ.

– چامە حاڵەتێکی تێرامانانەیە، لەمیان ئەزموونی ڕەسەنایەتی و نێوان کار و تاقیکردنەوەکانی داهاتوودا، کە مانا و پێوەندکانیان بۆ خۆوە ناگرێ، تەنێ بە گەڕانەوە بۆ ئەزموونەکەی یەکەمجار دانەبێ کە چامە هاتووە تا ئەو ئەزموونە نە ڕەسەنە بەرجەستە بکات.

ئەو دەربڕینەش بۆ چامەیەکی داستان ئامێز و چامەی سترانی و چامەی دراماتێکی لەبار دایە.

زەمەنە مێژوویەکەش، کە لە زمانێکی هاوبەش و کۆتاکدا پێکهاتووە لە ناویدا وەرچەرخانێکی دژوار دەقەومێ: ئەگەر لەسەر ئەو وەستابێ بۆ ئەوەی ببێ بە بەرامبەرکێ و بەردەوامی، هەر ساتێک لەو کە لە پێشدایە و ئەوانەی کە بە دواوەیەتی، ئەو ساتەی کە پێیەوە بەستراونەتەوە. لێرەدا چامە ئەو ڕێگایەی کە شەقی دەکات نێوان ئەم ساتە تایبەتە و زەمەنە مێژوویەکە بە دووتا دەکا، گەر لە وێدا شتێک لەسەر قاڵکردنەوەی ڕەگەکاتی ئەو ساتە کاربکا: ئەڤین، کاری قارەمانانە، تێڕمانی خواوەندیانە، وەستانێکی حەپساویانە لە بەرامبەر درەختێک، یان لە بەرامبەر هەنیە نەرمەکەی «دیانە» وەک دیوارێکی بریقەدارە. کەواتە ئەم ساتە خەرمانەیەکی تایبەتی خۆی درووست دەکا کە بەدەوریدا دەئاڵێ.

لێرەدا ئەوە بە شیعر تەرخان کراوە وەک قووڵترین تەرخان کە بکرێ، چامە لەگەڵ تخوبی وەرزەشکاران، هەقیقەتی زاناکانی سروشت، هزری فەیلەسوفان لە دژایەتیدایە، چامە بە تاقیکردنەوە بەرزەفت نابێ بۆ ئەوەی تەنێ ببێتە تاقیکردنەوەیەکی رووت، بەڵکو ئەو ئەزموونە پێشینەی کە لە ژیاندا هەیە دەیگواستەوە، لە جوداوازیە تایبەتیەکانیدا، ئەوەیە تا لە توانایدا بێ ساتە تازەکان و ئەزموونەکان بدرەوشێنتەوە.

– ئەڤینبازیەکانی «غرامیات» (سافۆ) هەروا خودی (سافۆ)، لە مێژووی زەمەنیدا ناکرێ قەت دووبارە ببێتەوە، بەڵام شیعرەکانی هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە، چونکە «پارچەیەکە» لە زەمەندا هەڵبڕاوە، شیعرەکانی نەوا ئامێزن ئەو نەوایەی کە هەیەتی لەهەر زەمەنێکدابێ بەرجەستە دەکرێ، بە شێوەیەکی هەمیشەش بۆ بەرجەستەکردن دەکارێ.

ببوورن کە بە «پارچە» «قطعە»م ناوبرد، چونکە خۆی لە خۆیدا جیهانێک و زەمەنێکی دانسقەیە. نە ئاکاری رابردوو نەداهاتووش بە خۆوە دەگرێ، بەڵکو هەمیشە ئامادە باشە هەر ئەم تایبەتمەندشیە کە چامە تیایدا هەمیشە لە ئامادە باشی دەهێڵتەوە، بەمەش لە جەدەلی پێشکەوتنی مەرزی زەمەنی مێژوودا دێتە دەرێ. هەر خۆشیەتی پەیوەندی لەگەڵ مێژوو مکوم دەکا و وایلێ دەکات تووندترین پەیوەندی بە مێژووەوە هەبێت. هەنووکە «الحاضر» ناکرێ هەبێ تەنیا لە ساتە هەنووکەییەکدا نەبێ، یاخود دەبێ لە نێوان خەڵکدا ئامادەیی هەبێ، هەتا چامەکە لەناو ساتە هەنووکەیەدا بوونی خۆی هەبێ، دەبێ لەناو خەڵکدا ئامادە بێ، لەناو مێژووشدا خۆی بەرحستە کردبێ.

– چامە وەک هەر پرۆسەیەکی داهێنەرانە و ئادەمیزاد خولقێنەرانە، بەرهەمێکی مێژووییە، یاخود بریتییە لە دەربڕینی شوێن و رۆژگارێک، بەڵام لەهەمان کاتدا شتێکە بە مێژوو ناوی رۆیشتووە، لە بەرایی هەر ساتێکی مێژوویدا کە هەبێ شوێنی خۆی دەگرێتەوە. کەواتە لەسەرەتای سەرەتاکاندا چامە بەر لە مێژووە، هەروا چامە لە دەرەوەی مێژووشدا نییە. چامە بەر لە مێژووە چونکە نموونەدارێکی نەمر و عاسێیە لەسەر مێژوودا، چامە دەسپێکردنێکی ڕەهایە و هەر خۆشی زەمەنێکی گشتەکی و خودی «كلي وذاتي» هاوتایە، چامە لە مێژوودا، یان بە واتەیەکی وردتر، چامە هەر خۆی مێژووە، چونکە گەر بەرجەستەکراو نەبێ ناژی، ناشژی گەر هەر لە تازە بوونەوەی لە دایک بووندا نەبێ، ناشژی گەر لەناو ساتە دەرباز بوونەکانی ناو ئەو دووبارەبوونەوەی شیعریدا نەبێ.

– کەوایە هیّ لە مێژوو، یان هیّ لەو خەڵکانەی کە کاکڵەی مێژوو پێکدێنن، چییەتیەکەی و مەبەستییەکەی «ماهيته وغايته»، چامە لەدایک نابێ و بەرجەستەش ناکرێ، وێجا ئەو کاتەش هیّ لە چامە، مێژووهەبوونی نییە، چونکە ئێمە بەبێ چامە سەرچاوە و سەرەتاکانمان ووندەکەین.

لەبەر دوو لەبەرچاوگرتن دەکرێ بڵێین چامەی مێژوویی: یەکەم، چونکە چامە خۆی بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە. دووەم، چونکە خولقاندنێکە مێژوو بەرەو بەرزایی دەبا، بەڵام بۆ ئەوەی چامە بەهانەی بوونی کاریگەرانەی هەبێ، دەبێ لە نۆژەندا خۆی لەناو مێژوودا بخەملێنێ و لەناو خەڵکیشدا خۆی دووبارە بکاتەوە، وەلێ دووەم لەبەرچاوگرتنەکە ئاکاری واقیعانە بە چامە نابەخشێ، تەنیا ئەگەر ئەو هەنووکەیەی (الحاضر) کە چامە بەرجەستەی دەکا ئەو هەنووکەییە بەو رۆژگار و شوێن دیاریکراوەی ئەو دوو ئاشکراویە دیاریکراوبێ.

– چامە، خۆی زەمەنێکی نموونەدارییە، لەم روانگەیەوە ئەو زەمەنە لە ئەزموونێکی ئاشکرای میللەتێک بەرجەستە دەبێ، وەیا لە ئەزموونی کۆمەڵێ کەس، یان قوتابخانەیەکی هزریانەی دیاردا بەرجەستە دەبێتەوە، ئەم توانستە لە بارەی بۆ بەرجەستەبوونی لە نێوان خەڵکدا، چامە دەکاتە کانیەکی تەقیوی پڕاو ئاوی هەنووکەیی (الحاضر) تازە دەبەخشێ، کە لە ناخی رابردوودا هەڵقولاوە، دەڕژێتە ناوناخی داهاتووش، بەڵام دووەمین روخساری چامە، چونکە بۆخۆی مێژووییە، ئەم روخسارەی چەند لایەنێکی هەمە جۆر و ناکۆکن، وەلێ ئەوەی کە چامە دەکا بە کارێکی دانسقەو، لە نێوان کارەکانی تری مرۆڤایەتی و نێوانەکانی تردا هاوێری دەکات، ئەم وەرچەرخانە چلۆنایەتیەی ئەو زەمەنەیە کە تێیدایە، چامەکە لە روخسارێکەوە بۆ روخسارێکی تر وەردەچەرخێ بێ ئەوەی بزریش بێ. خودی ئەم پرۆسەیە چامە والێدەکا لە ساتی وەرچەرخانەکەدا بتوانێ زەمەن ببەزێنێ.

– لە دەرەوەڕا سەیرکردن بۆ پەیوەندی نێوان مێژوو و چامەدا، ئەو پێوانە لێکجودابوونەوەی نێوانیان و نێوان مێژوومان بۆ بە دیار ناکەوێ، هەروەک چۆن لە کۆنی جێماودا (القديم السلفي) چامە ئاکامێکی گرۆیی (مجتمعی) بووە، تا لەو کاتەوە ئەو لێکجوودابوونەوە ئاشکرایەی نێوان شیعر و گرۆی تیایدا ببینین، هەروەک لەم رۆژگارەماندا حاسڵ کراوە، شیعر لە کۆمەڵدا سڕگووم (منفي) کراوە. ناکرێ چامە لە مێژوودا پەرەوازە بکرێ، چونکە هەر لەوێ دەمێنێتەوە.

– لە کۆمەڵگایەکی پچڕکاودا، دەبێ لەوێش شیعر وەک شیعری ئێمە بێ. بە درێژایی ساڵگار دەوڵەت و کڵێسە نەیانتوانی بۆ مەبەستە تایبەتیەکانیان شیعر ملکەچ بکەن، ئەم کارەشیان بە ڕێگەی هێزەوە ڕانەدەپەڕاند، بەڵکو خودی شاعیرەکان بەو مەبەستانە رازیبوون، بۆیە هەرگیز لەوە دوودڵ نەدەبوون کە شیعرەکانیان بۆ خزمەتی ئەم مەبەستانە تەرخان بکەن، هەڵدەستان ئەزموونەکانی سەردەمەکەی خۆیان بەوکارە دابین دەکرد.

– یوحەننا دژلاکەروای قەشە دەیویست خزمەتی بڕواکانی خۆی بکا، ئەو هەر بە ڕاستیش بە هێزی شیعرەکانیەوە خزمەتی بڕواکانی کرد، بەڵام ئەو پرسیارەی کە لێرە قووت دەبێتەوە ئەوەیە، ئەو چۆن توانی

www.arsivakurdi.org

# چامـه

## ئۆکتاڤیۆ پاز

### هەندرێن لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی

> – چامە دژەبەرکێیەکی هاوشانە: لە وشە خاوەن مێژوویییەکان چنراوە، بۆ هەر مێژوویەکیش کارێکی پێشینەیە.
>
> – ئەوەی هۆمیرۆس بۆمان دەگێڕێتەوە مێژوویەکی رابردوو نیە، بەڵکو ئەوانە پۆلە وشەیەکی هۆگر و گونجاوی زەمەنین. ئەم وشانە بە ڕێگەی زەمەنەوە بەرەو ئاقاری ئەمێستا رێگاکانیان شەق دەکەن.
>
> – شیعر هەست ناکات، بەلاّم مرۆیە دەیبیژێ، چاکترین رێگاش بۆ هەست بە شیعرکردن ئاخافتنەکەیەتی، خوێندنەوە لە گوێگرتن جودایە.

ئەگەر بڕوامان بەوە هێنا کە کاری شیعریی لە کارەکانی تر جیاوازە، من دەمەوێ ئەوە روون بکەمەوە، کە چۆن دەکرێ ئەو کارە نەشیاوە بۆ تواندنەوە لەگەڵ دنیادا تێکەڵاو بکرێ. شیعر، دیانەت، یان هزرێک، وەیا سیحرێک نییە، بۆیە دەبینین دەسازێ تالە چامەدا دابین بێت، لەودا شتێکی سەیر، هەڵبەت شتێکی سەیر دێتە کایەوە، بەلاّم شیعر بەبێ ئەو ناتوانێ بەرجەستە بێ. چامەی شیعر، وەلێ دیسان، شتێکی دیکەیە و لە شیعر جیاوازە. ئەو شتە دیکەیەش، زیادەکردن و زێدە ڕۆییەکان نییە، بەڵکو بەشێکە لە قەوارە (کیان)ی چامەکە جودا ناکرێتەوە، چامەی تەواو دانە پەیڤەکانی «مفردات» مانا و ئاماژە و سەرچاوە و دەلالەتە تایبەتەکانی خۆیان تێیدا دەئاخنن و مەبەستی خۆیان دەگەیەنن، بۆ ئەوەی بێجگە لە ڕەفتارە شیعریی زێتر شتێکی تر نەگەیەنن. لە ئاکامی ئەوەدا چامە بزر دەبێ، چونکە ئەودانە پەیڤانەی کە هەنە تەنیا مانای ئەم شتانە یان ئەوانی دیکەن، یاخود پەیڤەکان مانایەکی رێژەیی و مێژوویی بۆ شتەکان دەگەیەنن. لە توانای چامەی تەواودا نییە بەدانە پەیڤەکان بخەملێ، چونکە بۆ تێگەیشتن دەست نادا. لە هەمان کاتدا ئێمە دەبینین ئەو چامەیەی کە ململانێ لە دژی سروشتی دانە پەیڤەکان ناکا، ناچارە لە پشت خۆی و پشت مانا رێژەییەکاندا بڕوات. ئەم چامەیەی کە دانە پەیڤەکانی بۆ دەربڕین خۆ بەدەستەوە نادەن ملکەچی. دەربڕینیان نەکات، ئەو چامەیە تەنیا دەبێتە گەمە بە وشەکردن و شتە سەرزارەکیەکان.

ئەو شتە هەرە گەرنگەی کە چامە جیادەکاتەوە، ئەو پەیوەندیە گەرم و گوڕەی دانەپەیڤەکان و ئەو ململانێیەیە لە پێناوی وەرچەرخانی دانەپەیڤەکانە بۆ بوونەوەرێکی زیندوو تا بۆ فراژان تواناداربێت. چامە بە تاکە رواڵەتێک ئەویش ئەوەیە کە بۆ تواندنەوە و تاوانەوە خۆبەدەستەوە نادا، لە هەمان کاتیشدا ناکرێ دەربڕینی کۆمەلاّیەتی لە دەربڕینە مێژوویییەکانی تر دووتا بکرێ، چامە بوونەوەرێکە لە دانەپەیڤەکان، وەلێ تا دوورنماترین دانەپەیڤەکان دەکشێ، ئەگەر مێژوو نەتوانێ چامە وەلانێ، ئەوکاتە چامە هێ لە مێژوو هەبوونی نییە، یاخود بێ لەو ترنجانەی کە چامە فرچک دەدا، یان ئەوەی کە چامە لە سەریدا خۆراک وەردەگرێ.

پەیڤەکانی شاعیر، مادامەکینێ پەیڤەکانن، ئەوا ئەو پەیڤانە مولْکی خۆیەتی، ئەوانیش لەیەک کاتدا نامۆنە، هەروا لە روویەکی مێژوویەوە ئەو پەیڤانە بۆ میللەت دەگەڕێنەوە، بۆ ساتێکی مێژوویی، وەیارەها دەبن.

لەسەر نموونە هێنانەوەی ئەو پەیڤانە دەڵێین، ئەگەر سەرتاپای ئەو دۆخە سازبووەی کە بە «گرێک» ناودەبرێ، ئەوە ئەوکاتە نە ئەلیادە و نە ئۆدێسە دەبوون، بەلاّم ئەو راستییە مێژوویییەی کە گرێک پێی دەنازێ نەدەکرا بەردەوامی و درێژبوونەوە و سەپاندنی هەبوونەکەی هەبایە گەر ئەم دوو داستانە نەبوونایە.

کەواتە چامە ئەو دژەبەرکێیە هاوشانەیە: لەو وشانەی کە خاوەنی مێژووی خۆیانن چنراوە، بۆ هەر مێژوویەکیش کارێکی پێشینەییە. کارە ڕەسەنایەتیەکەی چامە ئەوەیە، دەچێتە ناوناخی مێژووی کۆمەڵی و تاکییەوە. لە هەمان کاتیشدا لە کۆمەڵ دەربڕین بۆ بوونی کۆمەڵگا مەرجێکە. یاخود بەبێ زمانێکی هاوبەش شیعر لە ئارادا نابێ، هەروا بەبێ زمانی شیعریی نە کۆمەڵگا و نە دەوڵەت و نە کڵێسە یان هەر کۆمەڵگایەکی تر هێ لەم زمانە شیعریە لە گۆڕێدا نییە. زمانی شیعریەت جمکە مانایە هەریەکە و ئەویتر تەواو دەکەن، جمکە ماناکان وێکرا ناتەبان، وەلێ لە هەمان کاتدا لێکجوودا نەبووینەوە: مانای یەکەمەکەیان کە شیعرە ئاکامی هاوکۆیی کۆمەڵیە، مانای دووەمیشیان مەرجێکە بۆ هەبوونی هەر کۆمەڵگایەک.

– زمان لە چامەدا، لە سەرەنجامدا بۆ جیهانێکی داخراو و هەر تەنێ مێژوو و دەلالەت و ئاماژە نییە، لە چوارچێوەیەکی نموونەداری ناوەندیدا ماناکانی بەکار دەبا: تاکە کەس یان کۆمەڵێ کەس. کۆمەڵێ دانە پەیڤ (مفردە) و شتەکان و دۆخ و کەسەکان، کە حیکایەتێک دادەهێنن، لە زمانەکەدا ماناکەی هەڵدەهێنجرێ کە زمانەکە یەکیاندەخاو وێکرا کۆیان دەکاتەوە. ئەم زمانەش مێژوو نییە و هەروا بە هیچ پێوەندیەکیش بەرابردووەوە تەواو نابێ، بەڵکو هەمیشە ئامادە باشە، هەر لە تازە بوونەوەش دایە. ئەوەی کە هۆمیرۆس بۆمان دەگێڕێتەوە تەنێ مێژوویەکی رابردوو نییە، هەروا هەر تەنێ رابردووش نییە. بەڵکو پۆلە وشەیەکی دەگەڵ یەکتر هۆگر و گونجاوی زەمەنین، ئەم وشانە لە ماوەی زەمەنەوە بەرەو ئاقاری ئەمێستا رێگای خۆیان شەق دەکەن. ئەوانە شتێکن هەمیشە لە خۆ تازە کردنەوەدانە، کە

www.arsivakurdi.org

# بانگەوازێک

زیاتر لە حەفتا ساڵە رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق شەریان سەپاندۆتە سەر کوردستانی عیراق یان یاسای شەڕیان پیادە کردووە. چەند جاریش پەیمان و پلانی هاوبەشیش دانراوە بۆ سەرکوت کردن و ئابلوقەدانی بزوتنەوەی ئازادی‌خوازی گەلەکەمان. ئەنجامی شەڕ و سیاسەتی رەگەزپەرستی رژێمی عێراق لەم سیی و یەک ساڵەی دواییدا وێرانکردنی زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند و ٢٥ شارۆچکە و راگوێزانی زیاتر لە دوو ملیۆن هاوولاتی کوردستان لە جێگای باب و باپیرانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملییەکان لە خوارووی عێراق، یان بۆ دەرەوەی ولات کە ئەمرۆ زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کوردی ئاوارەمان لە ئێرانن کە زۆربەی زۆریان لە برا فەیلییەکانن و نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەسی خەلکی کوردستانی عێراق ئاوارەن لە ئەورپا و ئەمەریکاو چەندەها ولاتی تر.. بۆ قەلاچۆکردنی خەلکی کوردستانی عێراق و گۆرینی قەوارەی نەتەوایەتی و کۆمەلایەتی و جوگرافی کوردستانی عێراق، رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، پەنایان بردۆتە بەر هەموو جۆرە رەفتارێکی فاشیانە، بە تایبەتی رژێمی رەگەزپەرست و دیکتاتۆری سەددام حوسێن، کە بە هەموو شێوەیەک هەولی داوە کە ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیە لە رێگای زەبر و گرتن و کوشتنی بە کۆمەڵ و بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی و بایەلۆجی ئەنجام بدات. لەم بارەیەوە چەندەها نموونەی سامناک هەیە کە هێشتا هەر زیندووە: هەڵەبجەی شەهید، دۆلی جافەتی، شێخ‌وەسان، گەرمیان، گەلی بازی ... ئەنجامی شەری سەپێندراو بەسەر کوردستانی عێراق زیاتر لە ٢٠٠ هەزار شەهید وپاش هێرشی (ئەنفالەکان)ی بەدناو لە ساڵی ١٩٨٨ دا بزربوونی زیاتر لە ١٨٣ هەزار هاوولاتی کوردە. بەلام رێبازی یەکگرتوویی و گیانی تەبایی و برایەتی لە نێوان هێزەکانی سیاسی کوردستانی عێراق و رۆڵی کاریگەری بەرەی کوردستانی و هەستی بەرز و گیانی خۆراگریی و فیداکاریی بێ هاوتایی خەلکی کوردستانی عێراق، سیاسەتی زوڵم و زۆر و کوشتنی بە کۆمەڵی زیندە بەچاڵ کرد، و راپەرینی مەزنی بەهاری ١٩٩١ لەم مەیانەدا نموونەیەکی مێژوویە. سەرەرای کارەساتی کۆچی ملیۆنی هەمان بەهار و ئەو رووداوانەو ئەو رێبازە وێژدانی رای گشت جیهانی هەژاند و کێشەی کوردی گوێزایەوە بۆ قۆناغێکی نوێ. گومان لەوەدا نییە کوردی ئاوارەی کوردستانیش لە دەرەوەی ولات رۆلێکی گەورەیان هەبووە لەم بارەیەوە. گەلی کوردستانی عێراق لە ١٩٩٢/٥/١٩ داستانێکی نوێ بۆ کوردستان و بۆ ناوچەکە تۆمارکرد. هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراق کە زیاتر لە ١,٢ ملیۆن هاوولاتی بەشداری لە دەنگدان کرد، لە ژێر چاودێری ٢٠٠ چاودێر لە ئەوروپاو ئەمەریکاو ولاتانی دراوسێ و ئامادەبوونی راگەیاندنی جیهانی. ئەمرۆش لە کوردستانی عێراق ئەزمونێکی دیموکراتی پیادە دەکرێت. هەموو جۆرە بنەماکانی ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ و بەرچاو ئەگیرێت و رێزی لێ ئەگیرێت. پەرلەمان ئیدارەیەکی هەڵبژاردراوی فرە حزبییە. ئەم ئەزموونە و ئەم دام و دەزگا ساوایە لە هەل و مەرجێکی ئالۆزدا لە دایک بووە و پاش شەرێکی ٣١ ساڵە و چەندەها کارەسات و وێرانکردنی زیاتر لە ٩٠٪ی ولاتەکەمانە و تێک دانی بنەماکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و لە ژێر دوو ئابلووقەی ئابووری دایە. ئەم دامو دەزگایە کۆنترۆڵی ٣/٢ی پانایی کوردستانی عێراق ئەکات و بەرپرسیارە لە ژیان و ئاسایشی زیاتر لە ٣,٥ ملیۆن لە خەلکی کوردستان کە نیو ملیۆنیان ئاوارەن و لەو جێگایانەن کە هێشتا لە ژێر کۆنترۆلی حکومەتی بەغدا دایە. ئەمرۆ:

* ٤٥٠٠ گوندی کوردستان و زیاتر لە ٢٥ شارۆچکەی کوردستان چاوەروانی ئاوەدان کردنەوە دەکات.
* کارگە و ئیداراتی کوردستانی عێراق دەبێت وەکوو پێویست وەگەر کەوێت و پێداویستەکانی خەلکی کوردستان جێ بەجێ بکات.
* زیاتر لە دوو ملیۆن هاوولاتی کوردستان عێراق بە پەرۆشەوە چاوەروانی گەرانەوەیانن بۆ جێگایی باب و باپیر و لە ژیانی بەرهەمهێنان بەشدار بن و لە ئۆردوگا زۆرەملیەکان رزگاربن.
* ٣,٥ ملیۆن هاوولاتی کوردستانی عێراق لە لایەن رژێمی فاشیستی سەددام حسێن و بە هۆی دوو ئابلوقەی ئابووری پێویستی بە هەموو جۆرە کۆمەک و هاوکاریەک هەیە.
* زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ماڵە شەهید و پتر لە ١٨٣ هەزار کەسی « ئەنفال»ەکان داوای یارمەتی و کۆمەک دەکەن.
* ئەم تەجروبە دیموکراتییە... ئەم ئازادییەی کوردستانی عێراق بە هۆی گرانی و قاتی و ئابلوقەدان لە مەترسی دایە.
* ئەم تەجروبە دیموکراتییە... ئەم ئازادییەی کوردستانی عێراق بەرهەمی خەباتی نەتەوەکەمانە و رەنجی هەموو کوردێکی دلسۆز و ولاتپارێزە، هەروەها سیمبۆل و سامان و هیوای هەموومانە. چەسپاندن و سەرخستنی، ئەرکی نەتەوایەتی هەموومانە. پەرلەمانی کوردستانی عێراق بریاری داوە بۆ کۆمەک کردنی ئەو پەرلەمانە و پشتگیری لە دیموکراتیەت لە کوردستانی عێراق لە هەر ولاتێکی ئەورووپا ژمارە حیسابێک بکاتەوە و راستەوخۆ لیژنەیەکی تایبەتی لە پەرلەمانی کوردستانی عێراق بە هاوکاری و تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق سەرپەرشتی دەکرێت. هەر کەسێک کۆمەک بۆ ئەم ژمارەیە بنێرێت:

بە کارتی تایبەتی ئاگادار دەکرێت لە لایەن ئەو لیژنە پەرلەمانییەوە بە چەندیی و مێژووی ئەو کۆمەکە. داوا لە هەموو هاوولاتیانی گشت پارچەکانی کوردستان لە دەرەوەی ولات دەکەین بە گوێرەی توانا بەشداری لەم ئەرکە پیرۆزە بکات

سەرکەوتوو بێت پەرلەمانی کوردستانی عێراق

هەر گەشاوە بێت رێبازی دیمۆکراتی و ئازادی

**پەرلەمانی کوردستانی- عێراق**

**٢٦ / ١ /١٩٩٣**

www.arsivakurd.org

ئەنترناسیونالیزم بە دەیان کادری ڕێکخراوە کوردییەکان بۆ ئەوان خۆیان کرد بە قوربانی، بەڵام هەزار جار بە داخەوە کە ئەوان خۆیان لەلای سەددام حوسێنی خوێنمژدا بوون و دژی کورد شەڕیان دەکرد و بە دەیان کادری گەلی کوردیان شەهید کردووە و بگرە بە هەزاران پێشمەرگەی قارەمانیش. جا ئەگەر ئێمە بتوانین بیر لەم مەسەلەیە بکەینەوە و سودی لێوەربگرین، ئەوا کاری تێکۆشانمان زۆر ئاسان دەبێتەوە.

ڕوونکردنەوەی هەر مەسەلەیەک بە تەنها خۆی، دەکرێ بە ئەندازەی پەرتوکێک بێت، من نامەوێ ئاوها بکەم. من دەمەوێ تەنها ئاماژە بۆ ئەو شتانە بکەم کە بۆ من شتێکی چەوتن. هیوادارم کە هەر کوردێکی دڵسۆز بەرامبەر هەموو مەسەلەیەکی گرنگ هەڵوێست بنوێنێ و کاتی خۆی بە بیروباوەری بەتاڵ بە فیرۆ نەدات. جا ئێستاش دەمەوێ بە کورتی چەند خاڵێک دەربارەی کاری ڕێکخستن بخەمە ڕوو:

بە بیروبۆچوونی من، ڕێکخراوی زۆر و بچکۆلانە هیچ سودێک بە وڵاتەکەمان نابەخشێت. جاران بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک مەسەلە، دەکرا ڕێکخراوێکی زۆری بچووک بچووک پێویست بێت، بەڵام ئەمڕۆ پێویستیەکی ئاوها لە ئارادا نەماوە، تەنها پێویستیمان بە یەک ڕێکخراو کە بتوانێت دەست بهاوێتە ئێشەکانی گەلەکەمان، هەیە.

ئەمەی کە باسی دەکەم تەنها یەک ڕێکخراوێک نییە، بەڵکو کۆکردنەوەی هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە هەن لەژێر باڵی بەرەیەکە. واتە گەلی ئێمەی باکووری کوردستان پێویستیان بە بەرەیەک هەیە و بێجگە لەم کارەش هیچ شتێکی ترمان پێویست نییە.

بۆ هێنانە کایە و درووستکردنی شتێکی ئاوهای گرنگ، پێویستە هەموو ڕێکخراوە کوردییەکان، بەپێی گرنگی ئەم مەسەلەیە، بە گفتوگۆیێکی دوورودرێژ بگەنە ئەنجامێک. بۆ ئاسانکردنی ئەم کارە من دەمەوێت بڵێم:

لە باکووری کوردستاندا، ئاساییە کە چوار ڕێکخراو لە سکی پێنج ڕێکخراوەوە لە دایک بێت و یەکێک لەو ڕێکخراوانەش بمانەوێ یان نەمانەوێ (پ.ک.ک)یە. هەبوونیان نکۆڵی لێناکرێ، بەڵام ڕاستی و هەڵەکانیان دەکرێ بکەوێتە گفتوگۆوە. (پ.س.ک)یش ڕێگەی خۆی هەیە و خۆی لەبیر و باوەڕی خۆیدا وەکو پارتێک سەپاندووە و بەپێی پرۆگرام و پەیرەوەکەی، خەبات و چالاکی خۆی لە ناوەوەی وڵات و لە ئەورووپادا دەنوێنێ و بەرێوەی دەبات. بێجگە لەم دوو پارتەش، دوو پارتی تر لە کوردستانی باکوور، لەم سەردەمە تاڵەماندا، بەشداربوونی چەندین ڕێکخستن و تاکە کەسەوە دامەزران. واتە وەکو «یەکبوون» و «یەکگرتن»ی «پ.د.ک». هیوادارم ئەم پارتانەی ئێمەش لە ماوەیەکی کورتدا بە ڕووداو و خەبات و چالاکی خۆیانەوە خۆیان بسەپێنن کە (ئەوانیش) لەمەوبەدوا خەباتی خۆیان بە جۆرێکی فرەلایەنی بەردەوام بکەن.

ئەوانەی تریش کە ماونەتەوە، چەند ڕێکخراوێکی بچووک و کەم هێزن، کە دەبێت ئەوانیش یان یەکێتییەک لەناوخۆیاندا پێکبهێنن، یان بیر بکەنەوە و بزانن کامە پارت لە ئایدیۆلۆژیایانەوە نزیکە، هەوڵ بدەن لە ڕێگەی گفتوگۆوە بچنە ناویانەوە، بە بۆچوونی من لەم ڕێگەیە زیاتر هیچ ڕێگەیێکی تر نییە.

بارودۆخی ئەو ڕێکخراوە بچووک و کەم هێزانە چییە و لەمەوبەدوا دەتوانن چی بکەن؟. من خۆم ناتوانم هیچ بڵێم. لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە ئەو ڕێکخراوە بچووک و کەم هێزانەمان بەکەم ببینم یان بە شێوەیەکی نەگەتیڤ باسیان بکەم. من وەکو کەسێک ڕێزم بۆ هەموو ڕێکخراوێکی نیشتمانپەروەر هەیە. تەنها ئەوەندەم دەوێ باسی کەم کە: ئەمڕۆ، ئێمە پێویستیمان بە یەکگرتنی ڕێکخراوەکانمان و بە هێزکردنیان هەیە، جا ئەگەر ئێمە ئەو کارە جێبەجێ نەکەین، ئەوا ئازادی گەلەکەمان زۆر دوادەکەوێت. ئایا بە ڕاستی ئەو ڕێکخراوە بچووک و کەم هێزانەمان دەتوانن بە تەنها ببن بە ئەڵترناتیڤێک و لەژێر باسکیاندا گەلەکەمان ڕێک بخەن؟

ئەم کارە لە ئەمڕۆدا گرانە، چونکە کادری ئاوهایان نییە کە کارێکی ئاوها گران جێبەجێ بکەن. یانیش ئەو کادرانەیان نەماون. ئیتر لەمڕۆ بەدواوەوە کارێکی نوێی ڕێکخراوەش گرانە. ئەوەی گرنگ بێت، ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوانە یان کادرانەی کە هەن و بە ڕاستی دەیانەوێت خزمەت بە گەلەکەیان بکەن، با بچن لەگەڵ ئەو پارتانە کە هەن، پەیوەندی بکەن و بچنە ناو ئەو پارتانە کە نزیکی ئایدیۆلۆژیایانە. بێجگە لەمەش هیچ ڕێگەیەکی تر نییە.

ئێمە وەکو نەتەوەیەک، تاکو ئەمڕۆ گەلێک دەرفەتمان لەدەست خۆمان داوە و ئەمەش بەختێکی تاڵی ئێمەیە.



www.arsivakurdi.org

# ئەمرۆ پێویستیمان بەچی هەیە؟

بویێ ئەسەر

هەروەکو دەزانرێت، لە پاش هەڵوەشاندنی سیستەمی سۆسیالیست لە جیهاندا، گۆرانێکی زۆری جددی هاتنە کایەوە. بمانەوێت و نەمانەوێت، ئەم گۆرانکارییانە کارێکی زۆری کردە سەر وڵاتە بندەستەکان و هەروەها ئایدیولۆژی کارگەران. زۆربەی ئەو شتانەی کە «دوێنێ» بەرگری لێدەکرا، ئەوا ئەمرۆ بێ نرخ بووە و هاوێژراوە.

لەبەر ئەوە و لەگەڵ ئەم گۆرانکارییانەدا، دەبێت ئێمەش وەکو رێکخراو و وتاکە کەس، گۆرانکاری لە بیر و باوەرماندا دروست بکەین کە بە مەرجێک لە خزمەتی نەتەوەکەماندا بێت.

ئەمرۆ، جیهان لە بارودۆخێکی تایبەتیی دایە و زۆریشی گۆڕاوە. ئەگەر ئێمەش بەپێی ئەم گۆرانکارییانە، خۆمان سەرلەنوێ دروست نەکەین، ئەوا ناتوانین تێکۆشانێکی باش و راستەقینە ساز بکەین. بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لە هەڵە و چەوتاکاری رابردوو رزگار بکەین، دەبێت دڵسۆزانە و دوور لە سودی شەخسییەوە بچینە سەر مەسەلە گشتییەکان. بەم جۆرە، دەتوانین پێکەوە رێکخراوێکی زۆر باشتر بهێنینە کایەوە، جا سەبارەت بەم مەسەلەیە، دەمەوێت هەندێک بیر و بۆچوونی خۆم باس بکەم.

پێش ئەو گۆرانکارییانەی کە لە جیهاندا روویاندا، ئەو کاتە کە رێکخراوێکی کورد، بلاوکراوێک یان ئەنجامی کۆنگرە و کۆنفرانسی خۆیان پێشکەش بە گەلی خۆیان دەکرد، پێش مەسەلەی کورد، دەهاتن بە ووردی و دوورودرێژی باسی مەسەلە جیهانییەکان و سۆسیالیزمیان دەنووسی. ئیتر لەبەر روونکردنەوەی ئەو مەسەلانە، کات نەدەمایەوە بۆ ئەوەی کە مەسەلەی نەتەوەیی خۆیان، باس بکەن و موناقەشەی بکەن تاکو کەموکوری ولایەنە خەراپەکان و لایەنە باشەکان بێتە مەیدانەوە بۆ ئەوەی بزانین بە چ جۆرێک خەبات تێکۆشانمان جۆش بدەین.

تەنها بە لاپەرەیێک یان بە پەرەگرافێک ئەم مەسەلە گرنگانە دەخرانە روو. بۆیە ئێمەش وەکو کورد لە مەسەلەی نەتەوەیی خۆماندا قاڵ نەبووین، چونکە هەردەم دەگواتر: «دەکرێت بەش بێتە قوربانی گشت!». بەپێی ئەم گوتنەش کوردستان بە بەش دەخوێندرایەوە. لەبەر ئەوەی گشت، دەوڵەتی سۆسیالیست بوون، ئیتر زۆرترین کات بە موناقشە و بڕیارمان لەم بوارەدا دەبوون... ئەم بەزمە تەنها کەموکوڕی رێکخراوێک نەبوو، بەڵکو هەموو ئەو رێکخراوانەی کوردستانی باکوور کە بیر و بۆچوونی سۆسیالیزمیان هەبوو، ئا بەو جۆرە دەیانگوزەران.

دەمەوێ نەکەومە ناو مەسەلەکانی پێشوو و مەسەلە ئایدیولۆژییەکان بۆیە خەریکم لێرەدا بەپێی زانینی خۆم، سەبارەت بە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ چی پێویستە، باسی بکەم:

داوای من ئەوەیە کە ئێمە بە شێوەیەکی بابەتی «مەوزوعی»یانە، بڕوانینە مەسەلەی کوردستان. هوشیارانە خۆ بە بەرپرسیاری ئەم قۆناخەی ژیانمان بزانین و بەڕێوەی بەرین.

پێش هەموو شتێک دەبێت گەلی کورد بە کولتووری خۆی بژێت، بە زمانی خۆی قسە بکات، بە هەستی نەتەوایەتی پەروەردە بێت. ئەگەر وانەبێت هەرگیز ناتوانین بە هەستێکی نەتەوایەتی کێشەکەمان چارەسەر بکەین.

پێویستە لەسەرمان کە هەموو شتێک و هەموو کێشە و گرفتێک بە زمانی خۆمان چارەسەر بکەین. چونکە زمان هەبوونی گەلە. فەرموون بزانن رەحمەتی «جەلادەت بەدرخان» لە ساڵی ١٩٣٢دا چی فەرمووە:

**(میللەتی ژێردەست هەبوونی خۆی بە دوو شت و بە دوو چەک لەسەر دەستی خۆی دەپارێزێ. ١- ئایین. ٢- زمان.**

**ئەگەر ئایینی میللەتی ژێردەست و سەردەستیش یەک بێت، ئەوسا تاکە چەک زمان دەبێت.)**

مرۆڤێکی کورد بە کوردی دەدوێت، هەستێکی کوردی و کوردستانی لەناو ناخی ئەو فرۆڤەدا خۆ دەنوێنێت و دەچەسپێت. جاران دەمانگوت ئەوە نەتەوایەتی بوونە، بەڵام نەمامدەزانی کە نەتەوایەتی بوونی گەلێکی ژێردەست، کۆنەپەرستی نییە، بەڵکو پێشکەوتنخوازییە. هەڵەی گەورەی ئێمە لەوێوە دەستیپێکرد و هێشتاش لە زۆر بواردا زیانی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەمان پێوە دیارە.

بە ئەندازەی ئەو هەلاَنەی کە لە بواری زماندا کردمان، لە بواری کاری رێکخراویشدا دووبارە کرانەوە، چونکە ئەو رێکخراوانەی کە ئێمە دروستمان کردبوون نە لەگەڵ وڵاتدا دەگونجان و نە لەگەڵ هەلومەرجەکانییش. ئەو رێکخراوانەی ئێمە، بەپێی هەندێک ئایدیۆلۆژیا دامەزرابوون و ئێمەش دەمانەویست بە راچێتەی نوسراوی حازر، نەخۆشەکەمان ساغ بکەینەوە. بەم جۆرەش هیچ نەخۆشێک تیمار نەکرا. نەخۆشێک سەردانی دکتۆر نەکات و بەپێی جۆری نەخۆشییەکەی دەرمان وەرنەگرێت، ئەوا ئەو نەخۆشە هەرگیز لەمردن رزگاری نابێت. هیچی نەمابوو ئێمەش بەو راچێتە ئەزبەرکراوانە کوردستانمان بکوشتایە، بەڵامماڵی ئەوانەی کە ئەم کێشەیەیان چارەسەرکرد. هەزاران جار ئاوابێ، کە پێش ئەوەی ئێمە وڵاتەکەمان بە راچێتەی هەڵە بکوژین، گوتیان: شێوەی تیمارکردنی ئاوها بۆ گەلان هەڵەیە و تائێستاش هەر دەیلێنەوە کە با چی دی گەلانی ژێردەست هەڵەی ئاوها نەکەن. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەس و هەندێک رێکخراو هەن کە هێشتا هەردوای ئەو شتە چەوتانە کەوتوون. بۆیە من دەڵێم کە هێشتا هەڵەی زۆرمان هەیە کە دەبێت چارەسەریان بکەین و بە مێشک و هەستی نەتەوایەتی ئەو شتانە لەناو بەرین، تاکو ئێمەش وەکو گەلانی جیهان بتوانین خۆمان لەدەست دوژمنی سەرسەخت و خوێنخۆر رزگار بکەین.

ئەگەر ئێمە هێشتا بڵێین: «کرێکاران و گەلانی ژێردەست یەکگرن»، ئەوا رزگاری و سەرفرازی ئێمە هێشتاش چەندین ساڵی تری پێویست دەبێت. چونکە گەلی ژێردەست، (فەلەستینی)یەکان بوون، و رێکخراوەکانی ئێمە لە خودی فەلەستینیەکان زیاتر مەسەلەی ژێردەستی فەلەستینیان بە مەسەلەی خۆیان دەزانی و لە ژێر ناوی

www.arsivakurd.org

# کۆماری ئیسلامی ئێران‌و گەلاڵەی خزمەت کردنی بە گەل

ح- گەوهەری

کۆماری ئیسلامی ئێران، ماوەیەکە بە هۆی نوێنەرانی خۆی لە دەزگاکانی حکومەتی‌دا، بە رواڵەت بە مەبەستی کۆ کردنەوەی بیرو ڕای گشتی کارناس‌و شۆرشگێرانی کورد بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستانی بەشی ئێران!! بە تەلەیفون پەیوەندی دەگەڵ کوردەکانی ئەم بەشە، لە دەرەوەی وڵات دەگرن.

ئەوان، لە قسەکانی تەلەیفونی‌دا دەڵێن ڕاستە کە لە پێشدا هێندێک دەربارەی کوردستان هەڵە کراوە،و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لەبەر گیرو گرفتی خۆی نەیتوانیوە بە شێوەیەکی شیاو بە کوردستان رابگات، بۆیە ئیستا کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە خەم ڕەخساوەو کۆسپێک لە بەرانبەر خۆیدا نابینی، ئامادەیە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم کەمایەسیەو خزمەت بە خەڵکی کورد هەنگاو هەڵگرێ.

هەروەها ئەوان دەڵێن بۆ گەیشتن بەم ئامانجەو پێشگیری لە دوو پات کردنەوەی هەڵەی‌تر لە کوردستاندا، کوردەکانی دژ بە حکومەتیان کردوە بە دوو گروپی «سوورو سپی» دابەشکراون. گروپی یەکەم، کە بە گروپی لیستەی سوور دەناسری، بە گشتی ئەو شۆرشگێرانەن کە لە ریزی حیزب‌و رێکخراوە سیاسیەکانداندا کار دەکەن و گروپی دووەم یان باشتر بڵێن گروپی لیستەی سپی ئەو شۆرشگێرانەن کە سەربەخۆن‌و بە رێکخراوە سیاسیەکان نەبەستراونەتەوە. وەک لە ئاخافتنی تەلەیفونی‌دا رادەگەیەنن، ئەوان تەنیا دەگەڵ گروپی لیستەی سپی پەیوەندی دەگرن بۆیە ئامادە نین دەگەڵ گروپی لیستەی سوور کە بە چەک بەربەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران دەکەن، قسە بکەن.

ڕەنگە، کەسی ساویلکەی وا هەبێ کە بەم گوتنانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئیران باوەر بکات‌و فریوی وادەو بەڵێنیەکانیان بخوا، بەڵام ئەگەر هەر ئەو کاتەش لە پشت سیمی تەلەیفون، ئاکارو کردەوەکانیان‌و بێ باوەری خەڵکیان وەبیر بخەنەوە، گەلاڵەی بەرباسیان لەبیر دەچێتەوەو هەرەشەو قسەی سووک‌و نالەبار جێگای نەرمی‌و پێشنیارەکانیان دەگریتەوە.

بۆ تێگەیشتنی پتر لە مەبەستی کاربەدەستانی ئەم حکومەتە، باشتر ئەوەیە کە ئیمە پەلە نەکەین‌و زوو هەڵنەچین‌و وابزانین جنایەتەکانی ڕێژیم لە نەغدە، سنە، سەقز، مەهاباد، قارنەو قەلاتان، ئیندرقاش‌و بە گشتی تەواوی شاخ‌و دۆڵ‌و گوندەکانی کوردستان‌و نیو شارو بەندیخانەکان‌و...... بە هەڵە ئەنجام دراون‌و ئیستا رێبەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە راستی لەم هەڵەیەی خۆیان گەیشتوون‌و دەیانەوی رێگای چارە سەر کردنی مەسەلەی کوردستان بدۆزنەوە!!

زۆر باشە، بە راستی ئەگەر ئەو تەلەیفون کردنانەیان بە مەبەستی «هەرەشە کردن»، و «تەسلیم کردن» یان «ئاڵوزی‌و ئاژاوە گیری» لە نیوان شۆرشگێرانی کوردی دوور لە وڵات‌و دوور لە رێکخراوە سیاسەکان نەبێ؟ و رێبەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران بەو ئاکامە گەیشتون کە دەست لە زوڵم‌و چەوساندنەوەی نەتەوەی کوردی ژێر دەست هەڵگرن؛ رێگای چارە سەر کردنی مەسەلەی کورد لە کوردستانی بەشی ئیراندا، نە دابەش کردنی کوردەکان بە سەر گروپی سوورو سپی‌و... دایەو نە پەیوەندی گرتن دەگەڵ کارناس‌و کەسایەتیەکانی سیاسی کوردەو نە تەنانەت پیوەندی دەگەڵ تەنیا حیزبێکی سیاسی کوردی لەم بەشەی کوردستانە!

رێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئیران باش دەزانن، جیا لەو کۆمەڵە کوردە بچووکەی کە چەکی بۆ هەڵگرتوە یا لە رێگایەکی دیکەوە خزمەتی پێدەکەن‌و بە سەرشۆریەوە پشتیان لە نەتەوەکەیان کردوەو نانی جاشەتی دەخۆن، کوردەکانی‌تر چ ئەوانەی کە لە ریزی رێکخراوەکانی سیاسی دان‌و چ ئەوانەی بەستراوەیی سیاسیان بەم رێکخراوانە نیەو چ ئەوانەی‌تر کە لە شارو گوندەکانی کوردستاندا، لە ژێر چاوەدیری هێزی چەکدارو مەئمورەکانی حکومەتی‌دا دەژین، هەموو یەک دەست‌و یەک ئامانجن!

ئەگەر، کار بەدەستەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران، وڵاتەکەیان لە دەرەوەی ئەم جیهانەدا نابینن‌و ئاڵوگورە پان‌و بەرین‌و یەک بە دوای یەکەکانی دنیا کاری لێ کردون، رێگای چارە سەر کردنی مەسەلەی کوردو بە گشتی مەسەلەی ئیران لەوە سانایی‌ترە کە بەم جۆرە لە ژێر پەردە تەلەیفونی نهێنی‌دا هەوڵی بۆ بدەن.

رێگای دروستی ئەم کارە ئەوەیە، کە کاربەدەستەکانی حکومەتی ئیسلامی ئیران، واز لە سرت و خورتی پشت سیمی تەلەیفون‌و هەرەشەو گورەشەی شۆرشگێرانی کوردو دابەش کردنی نەتەوەی چەند جار دابەش کراوی کورد بینن‌و ئەم گوتنەی خۆیان بە کردەوە بە نەتەوەی کورد بسەلمینن‌و بۆ ئەم کارەش دوو رێگا پتر نابیندری.

١- پیویست ناکات دەگەڵ حیزب‌و رێکخراوە،و کەسایەتیەکاتی کوردی دژ بە خۆیان پەیوەندی بگرن، بەڵکو بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم چەمکە، باشترین رێگا ئەوەیە کە دوو ئەسڵی بەر چاوی دنیای ئەمرۆ، یانی دیموکراتیەت‌و رێز نان لە یاسا پەسند کراوەکانی مافی مرۆڤ بخەنە بەر چاو؛ یانی:

ئا- تەواوی بەندیەکانی سیاسی، لە بەندیخانەکان ئازاد بکەن.

ب- بە بێ لە بەر چاو گرتنی هیچ چەشنە مەرجێک، بەخشینی گشتی رابگەیەن.

پ- بۆ نەتەوەکانی جێگیر لە چوار چیوەی جوغرافیای ئەمرۆی ئیران، خویندن بە زمانی زگماکی ئازاد بکری‌و بۆ دۆزینەوە جێ بە جێ کردنی دروستی ئەم مەسەلەیە، رای کارناسەکانی خویندن‌و بارهێنان وەرگرن.

ت- رێگا بۆ خەباتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و پێشەیی جەماوەری بکریتەوە.

ج- بەشێکی زیدە لە ئورگانەکانی پێکهاتوو لە دەرەوەی دەوڵەت، کە دەست‌و پێ گیرن‌و لە زۆر بابەتانەوە نەبوونیان باشتر لە بوونیانە، لە ئارا بەرنە دەر.

چ- خەباتی پارڵمان تاریستی ئازاد بکری، تا جەماوەر نوێنەری راستەقینەی خۆیان لە حکومەت‌و دەوڵەتدا بەشدار بکەن.

ح- بە دەنگی گشتی نەتەوەکانی جێگیر لە چوار چیوەی سنووری جوغرافیایی ئەمرۆی ئیراندا، شێوەی ژیانی دوا رۆژی ئەم نەتەوانە دیاری بکرێت.

دیارە، جێ بە جێ کردنی گشتی ئەم گەلاڵەیە، کاریکی ئاسایی نیە، کە بکری لە ماوەیەکی کورتدا بە ئەنجام بگەن، بۆ وینە خاڵەکانی ج، چ، ح، پیویستیان بە کاتەو دەبێ بە شێنەیی کاریان لە سەر بکری، بەڵام بەشێکی‌تریان وەک خاڵەکانی ئا، ب، پ، ت، کاری کەمتریان پیویستەو رەنگە بۆ جێ بە جێ کردنیان کاتێکی زۆریان نەوی.

٢- ئەو بەرنامەیەی، کە بە تەلەیفون بە کارناس‌و شۆرشگێرانی «تاکە کەسی» کوردی رادەگەیەن،گەلاڵەی بکەن‌و بە راگەیاندراوێکی رەسمی بیدەن بەحیزب‌و رێکخراوە سیاسیەکان.دەگەڵ لیژنەیەک دانیشن کە نوێنەرایەتی گشت هێزەکان‌و بزوتنەوەی کوردستانی بەشی ئیرانی بە ملەوە بێ.

هەر چەندە، بەو تاقیکردنەوانەی کە رێبەرانی کۆماری ئیسلامی، لە ١٤ ساڵی رابردوودا پێشانیان داوە، جێ بە جێ کردنی ئەم ئەرکە ئینسانیە، لە چوار چیوەی دیدو فیکرو رەوشتی ئەوان دانیە؛ بەڵام دیسانیش ئەوان دەبێ ئەوە بزانن کە ئەگەر سەد قات لەوەی کە بۆ خۆیان دەڵێن بە هێزو بێ کۆسپ‌و گیرو گرفت‌تر بن، ناتوانن بە بێ گوی گرتنی سادقانە لە ویست‌و داخوازەکانی خەڵک بە تیرۆرو رەشە کوژی‌و چەوساندنەوە، دریژە بە ژیان بدەن‌و رۆژیک دەبێ وەک ئەوانەی‌تر، کە لەو چەند ساڵەی دوایدا تاوانی سزاکانیان داوە؛ تاوان بدەنەوە.



www.arsivakurdi.org

# داخوا - دووی ڕێبەندان- ڕۆژی میللی نەتەوەی کوردە؟

**کەریمی حسامی**





مەبەست لە نووسینی ئەم کورتە وتارە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی چەند و چۆنی و هۆیەکانی پێکهاتن و ڕووخاندنی کۆماری کوردستان نییە. چونکە لەسەر ڕۆژی دووی ڕێبەندان و پێکهاتن و تێکچوونی ئەو کۆمارە ساوایە و ئەو دەوڵەتە نەتەوەیی‌یە، گەلێک بۆچوون و هەڵوێستی جیاواز و جۆربەجۆر هاتوونە سەر کاغەز و بڵاوکرانەوە، بەڵام بە بۆچوونی من هێشتا لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی زانستی کە دووربێ لە خڵتەی قین و بوغزی شۆڤێنی و دەمارگیری نەتەوەگەری لەسەر کۆماری دیموکراتی کوردستان نەکراوە.

ڕۆژهەڵاتناس و نووسەرانی بێگانەش لە باسکردن و لێکدانەوەی ڕووداوەکانی ١٩٤٥-١٩٤٦ی کوردستانی ئێران و پێهکاتنی هەوەڵین دەوڵەتی کوردی لەم مەڵبەندە نەیانتوانیوە خۆیان لە بەند و داوی سیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکان نەجات بدەن و بەرگێکی ڕاستەقینەی بابەتی دوور لە گێژاوی شەڕی سارد بە بەر ئەم کۆمارە ساوایەی کوردی دابکەن کە لە مێژووی چەند سەدەی نەتەوەی کوردا، ڕووداوێکی بێ وێنە بووە.

ئارشی ڕۆزڤێلت لە نووسراوەی خۆیدا بە ناوی «کۆماری کوردا لە مەهاباد» دەنووسێ: «ئاواتی ناسیونالیزمی کورد، واتە کوردستانێکی سەربەخۆ لە ماوەی دیسامبری ١٩٤٥ تا دیسامبری ١٩٤٦ لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بچووک لە کوردستانی ئێراندا وەدی هات. چۆنیتەی دامەزراندنی و پێکهاتنی کۆماری کورد، مێژووی کورت و پڕ لە کارەساتی ئەو، هەروەها تێکچوونی کورت و پڕ و لە نەکاوی، یەکێک لە بەسەرهاتە هەرە ڕوون و ئاشکراکانی سەدەی بیستەمە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا».

ڕاست دەکا تائێستاش دوای ٤٦ ساڵ بەسەرهاتی ئاوا گەورە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕووی نەداوە. لە مەڵبەندێکی بچووکی کوردەواری، بەشێک لە نەتەوەی کوردی بەشخوراو و داگیرکراو، پەتی کۆیلەتی لە ملی خۆی دامالێ و خۆی لە دەوڵەتی داگیرکەر جیاکاتەوە و ئالای خۆی هەڵبکا و سوپای میللی پێکبێنێ و دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ و سەرکۆمار دیاری بکا و چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست.

بە قەولی ڕۆژنامەی بەڕێزی کوردستانی نوێ «گەورەیی و کچکەیی دەوڵەت، چڕی و کەمی دانشتیوانی دەوڵەت لە نرخی هەبوونی ئەو دەوڵەتە کەم ناکەنەوە». تازە ئەگەر لە بورژوازی شۆڤێنی نەتەوەی سەردەست و یا لە هێزە بەرواڵەت دیموکراتەکانی ئەم نەتەوەیە نەترسێین، دەتوانین بڵێین کە کۆماری کوردستان ١٩٤٦ تەنیا کۆماری مەهاباد و دەوڵەتی کوردستانی ئێران نەبوو، بەڵکو دەوڵەتی کورد بوو بۆ ئازادی کوردستانی گەورە.

ئارشی ڕۆزڤێلت باشی تێگەیشتووە کە دەنووسێ: «تا ئێستا وا دەردەکەوێ ناکرێ ئەو بۆچوونە ڕەتکەینەوە کە قازی محەممەد و لایەنگیرەکانی ئاواتی کوردستانی یەککگرتوویان هەبووە. ئەوان هیواداربوون کە مەهاباد بکەن بە ناوەندی کولتووری کوردی و جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد... لە باری سیاسییەوە مەهاباد لانی کەم وەک نوختەیەکی لێهاتبوو کە لە هەموو لایەکەوە چاویان تێ بڕیبوو. لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی ڕووناکبیری کورد لە بەیروت و ئەستەمبۆل و بەغداوە بگرە هەتا کێوە بەرز و چرەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا، هەموو لایەک بە تێکرایی چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە بزانن ئایا قازی محەممەد سەردەکەوێ یان نا. نەک هەر لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵی کوردی لە بەغدا، بەڵکو لەلایەن کوردەکانی سوریا و تورکیاش لەگەڵ قازی پێوەندی دەگیرا و نامە و پەیامی بۆ دەنێردرا»«١»

ئێستا دوای ٤٦ ساڵ گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، لە وڵات و لە ئاوارەییدا، ڕۆژی دووی ڕێبەندان وەک ڕۆژی میللی نەتەوەی کورد یاد دەکەنەوە و شایی و ئاهەنگی بۆ دەگێڕن. چاپەمەنی کوردی لاپەرەی هەوەڵیان بۆ یادی ئەو ڕۆژە پیرۆزە تەرخان دەکەن. سروودی «ئەی ڕەقیب» کە سروودی دووی ڕێبەندان و کۆماری کوردستانە بۆتە سروودی میللی نەتەوەی کورد و هەموو کۆڕ و بۆنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێ و ڕەسمی بیرخستەنەوەیی کوردەواری بە سروودی «ئەی ڕەقیب» دەکرێنەوە.

جا لە حاڵێکی ئاوادا کە بەڕاستی ڕۆژی «دووی ڕێبەندان» بۆتە ڕۆژی میللی نەتەوەی کورد و ڕەمزی وەدەستهێنانی مافی چارەنووسی ئەم نەتەوەیە، گەلێک جێی داخە کە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کە خۆی بە میراتگری کۆماری کوردستان دەزانێ، لە ژمارە (١٨٣) فیوریەی ١٩٩٣ ڕێبەندانی ١٣٧. لە ڕێ و ڕەسمی دووی ڕێبەنداندا دەنووسێ: «وەک دەزانین بە داخەوە کۆماری کوردستان نەیتوانی هەموو وەزیفەکانی بەجێ بگەیەنێ و بە دەسیسەی هاوبەشی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لەبەین چوو. هەربۆیە دووی ڕێبەندان نەیتوانی ببێتە ڕۆژی میللی لە مێژووی نەتەوەی کورد دا. بۆیە ئێستا کە ئێمە هەموو ساڵێ بە حەق یادی ئەم ڕۆژە دەکەینەوە «تەجلیلی» لێدەکەین لەبەر ئەوە نییە کە ڕۆژی میللی میللەتی کوردە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئێمە تائێستاش بە ئامانجەکانی ئەو ڕۆژە وەفادارین و بۆ ئەو ئامانجانە تێدەکۆشین کە کۆماری کوردستان لە وەدیهێنانیاندا ناکام مایەوە».

دوای نەمانی دیکتاتۆری و ڕژێمەکانی و هەڵکردنی شنەبای (دیموکراسی ڕەسەنی ڕۆژئاوا) ڕەنگە پیاو بوێرێ لە نووسەرانی بەڕێزی ڕۆژنامەی کوردستان بپرسێ: ئێوە کە حیزبی دیموکرات بەڕێوە دەبەن، دووی ڕێبەندان بە ڕۆژی میللی نەتەوەیی کورد ناناسن، هەر چونکە «هەموو وەزیفەکانی بەجێ نەگەیاندووە» گرنگی مێژوویی ئەم ڕۆژە دەخەنە ژێر پرسیارەوە، ئەدی چ لەو هەموو کوردە دەکەن کە لە ژوور و دەرەوەی نیشتمان ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی میللی نەتەوەکەی یاد دەکاتەوە و جێژنی بۆ دەگرێ. من لام وایە لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد دا، تەنیا دووی ڕێبەندانە کە زەحمەتکێشانی کورد بە ڕۆژی میللی دەزانن. هەر بۆیە بەو مەبەستەش هەموو ساڵێ بە شانازی و بەرێزەوە یادی دەکاتەوە.

---

١- بۆ خوێندنەوەی نووسراوی ئارشی ڕۆزڤێلت بڕوانە «کۆماری کورد لە مەهاباد» وەرگێرانی کاک خالید عەزیزی ١٩٩١.

www.arsivakurdi.org

بیرکردنەوەی بێ، بۆیە گەر مرۆڤی ژیری کورد، لایەنە چاکەکانی ئەم ولاتانە بقۆزێتەوە و کەڵکیان لێوەربگرێ گەلێک چاکە، لە هەمان کاتیشدا، خۆی دوورەپەرێز رابگرێ لە شتە خراپەکانی کە لەگەڵ داب و نەریتی نەتەوایەتیماندا ناگونجێ، چونکە هەموو نەتەوەیەک، خووڕەوشت و نەریت و ترادیشۆنی تایبەتی خۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە نەتەوەیەکی دی، مانای ئەوەش نییە کە شتێکی ئەوروپاییەک لای ئێمە خراپ بێ، ئیدی دەبێ لای ئەو ئەوروپاییەش خراپ بێت، نەخێر بەڵکو دوو کلتووری جیاوازن و هەموو شتێکیش لەم گەودووندا رێژەییە، کە لە کەسێکەوە دەگۆڕێ بۆ کەسێکی دی، جا چ لە نێو نەتەوەیەکدا بێ یان لە نێو نەتەوە جیاوازەکاندا بێ.

ئەز بەش بەحاڵی خۆم لە بڕوای تەواومەوە بە دیموکراسییەت سنگم فراوانە بۆ هەموو ڕەخنەیەکی بەجێ و دروستکەر، لە هەمان کاتدا هەموو ڕەخنەیەکی ڕووخێنەریش، هەموو پلار هاوێشتنێکیش هەرچی چۆنێک بێت و لە هەر سەرچاوەیەکەوە بێت، لەوانەیە بە زویرم بکات بەلاّم قەت و قەت ساردم ناکاتەوە لە خۆشەویستی خاکەکەم و نەتەوەکەم، هەروەکو باسیشمان کرد، سەربەستی و ئازادی و دیموکراسی، ئەوە نییە کە یەکتری بخەینە ژێر زەبری نەشتەرای یەککالاّ کردنەوەوە و ناو و ناتۆرەی ناشیرین بەسەر یەکتریدا، دابپڕین، هەموو شتێکیش هەر ئەوەندە بە کەڵک و جوان و چاکە، کە لەژێر پەردەی رێز و خۆشەویستی بەرامبەریدا بهێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوپەری رێزمدا بۆ برایانی (کەشکۆڵ)، هەق نەبوو بەو شێوەیە برا و کەسوکارە دەربەدەرەکانی خۆیان بکەنە شەوچەدەی گاڵتە و گەپی خۆیان. من پێم وایە ئەو کاریکاتێرەی کە باسی (کفتەی سابوونکەران) و (سەرچنار)... هتد دەکات، زۆر لەجێی خۆیدا نییە و پێوە نانێکی هێجگار زۆری بە ئاشکرا پێوە دیارە. ئەرێ براینە دەبێ کەسێک هەبێ لەم دونیایەدا زمانی دایکی خۆی لەبیر بچێتەوە؟ دەبێ کوردێک هەبێ ئەو شتانەی لەبیر کردبێ؟ کەسێک کە (سابوونکەران)ی لەبیر مابێ، دەبێ بۆچی (کفتە)ی لەبیر بچێتەوە؟ بۆچی لە دەرەوەی ولاّت خەڵکی کفتە ناخوات؟ من بە دڵنیاییەوە پێتان دەڵێم ئەوەندەی کوردی پەنابەر، بە کوردی پەتی قسە دەکەن، ئەوەندە لە کوردستان خەڵکی بەو زمانە پاراوە نادوێن و هەوڵیان نەداوە بۆ پاککردنەوەی زمانەکەیان لە وشەی بێگانە. خۆ ئەگەر کوردێکیش گەیشتبێتە ئەو بڕوایەی کە نێوی خۆی بگۆڕێ، ئەوە لە ئەنجامی ئەوەیە کە لە بناغەوە ناوەکەی خۆی بەدڵ نەبووە و خۆی دەستێکی نەبووە لە هەڵبژاردنیدا. لەم ولاّتانەی ئەوروپاشدا هەرچی ناوی کوردییە زیاتر ئاسانتر و ڕەوانتر و شیرینتر وەک لە نێوە عەرەبییەکان بەو پێیەی زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە هیندوئەوروپییەکان، گیروگرفتی لەسەرەتادا بۆ خەڵکی دروست دەبێ کە دێنە ئەم ولاّتانەوە تا ناوەکانیان فێر دەبن و لەبەرییان دەکەن، ئەویش لەبەر قورسی و نەبوونی ئەم دەنگ و پیتانەیە لەم زمانە ئەوروپییانەدا بۆ نموونە: دەبێ (تەوفیق) خۆشتربێ لە (کلپە)؟ یا نووسینی عبدالرحمن و عبدالکریم و خەجێ و فاطمە ئاسانتر و خۆشترە یان ئالاّن و نەبەز و شیلان و تافگە؟

من پێم وایە نەک ئێستا کە نەتەوەی کورد خاوەنی سەربەخۆیی نییە، بەڵکو گەر دەوڵەتی تایبەتی خۆشی هەبێ، خەڵکانێک هەن هەر لە دەرەوە دەمێننەوە و کۆچی تازەش هەر بەردەوام دەبێ، پەنابەریش لە هەموو بارودۆخێکدا دەبێ، کە ئەوە دەرکەوتەیەکی زۆر ئاساییە.

حەز دەکەم ئەوەشتان بۆ باسم بکەم، کە کوردە ئاوارەکان لە ولاّتانی دونیادا بە شاهێدی هەموو لایەک، ڕێکوپێکترین خەڵکی ئاوارەی بە ڕەوشت و چاکتر بە بەراووردکردن لەگەڵ گەلەکانی ئاوارەی دیدا لە دەرەوەی ولاّت، لە ڕووی بێدەنگی و هەڵسوکەوت و پارێزگاریکردنی یاسا و داب و نەریتی ئەو ولاّتانەی کە تیا دەژین. برا خوێندکارەکانیشمان لە هەموو خوێندکارەکانی گەلەکانی ئاوارەی دی لە پێشتر و بە تواناتر و زیرەکترن چ لە ڕووی زمان فێربوونەوە، چ لە خوێندنی گشتیدا، چ لە رۆژهەلاّتی ئەوروپادا، چ لە رۆژئاوایدا. ئەو سەرژمێرییەی کە لە ولاّتێکی وەکو سوێددا کراوە لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەتی سوێدییەوە، لە نێو گەلە پەنابەرەکاندا، ئەوە ڕادەگەیەنێ کە کورد لە هەموو گەلانی دی پیاوی رۆشنبیر و نووسەر و شاعیر و هونەرمەند و خاوەن بڕوانامەی دکتۆراو بزیشکی و ئەندازیاری و مامۆستای هەبووە، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا نیشانەی خۆش بەختی و گەشبین و سەربەرزی نەتەوەکەمانە، ئەوەش دەردەخات بۆ خەڵکی کە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە برساندا خاکەکەی خۆیان بەجێنەهێشتووە بەڵکو نەتەوەی کورد کێشەیەکی نەتەوەیی و ڕامیاری گشتی هەیە لەسەر خاکەکەی خۆی و داگیر و دابەشکراوە و پێویستی بە چارەسەرێکی بنەڕەتی هەیە. بۆیە لەهەر ولاّتێکی ئەم دونیایەدا کوردی پەنابەر بە شانازییەوە دەڵێت من کوردم کە مایەی رێز و خۆشەویستی و سۆزی ئەو میللەتانەیە بۆمان تەنانەت هەندێ لە عەرەب و تورک و فارس دێن خۆیان بە کورد دەدەنە قەڵەم، گوایە زمانی زگماکی خۆیان لەبیر براوەتەوە بۆیە کوردی قسە ناکەن، تاکو کاروباری وەرگرتنیان ئاسانتربێ، دیارە ئەم کارە پیرۆزەش، بە خوێنی گەش و ڕەوانی شەهیدانی گەلەکەمان و بە هەوڵ و تەقەلا و بە هێزی بازووی پێشمەرگەی ئازا و دلێری کورد و ڕاپەرینە خوێناوییەکانی گەلەکەمان بە تایبەتی ڕاپەڕینە گەورەکەی بەهاری ١٩٩١، بە خو و ڕەوشتی جوان و بەرزی هەموو ئەو کوردە ئاوارانەی لە دەرەوەی کوردستان دەژین ئەنجام دراوە.

لە کۆتاییدا زۆر تکا لە هەموو کوردێکی خاوەن ویژدان دەکەم کەچی دی بەو کارانەوە خۆیان خەریک نەکەن. هەوڵ نەدەن هەر لەبەر خاتری پێکەنین، دڵی برا کوردە ئاوارەکانیان بیەشێنن، بە ناهەق پلاریان تێبگرن. ئێمە هەموو یەک شتی پیرۆز کۆمان دەکاتەوە، لەگەڵ هەموو جیاوازییەکی ئایدیۆلۆژی و باری ئابووری و ئاستی رۆشنبیری و شوێنی ژیاندا، کە ئەویش خزمەتی گەل و نیشتمانەکەمان و رزگارکردنێتی لە دەست بێگانە، چەسپاندنی دیموکراسییەتە، پارێزگاریکردنی ئەم تاقیکردنەوە گەورەیەی باشووری کوردستان و دەوڵەمەندکردنێتی، چەسپاندنی دەسەلاّتی پەرلەمانە، چاککردنی باری ناهەمواری ئابووری و کۆمەلاّیەتی خەڵکی ڕەش و ڕووتی کوردستانە. ئەگەر ئێوەی خۆشەویست ڕەگ و قەدی دارێک بن لەسەر خاکی کوردستانی مەزن، ئەوا ئێمەش لق و پۆپی و گەلاّی سەوزی ئەو دارەین. ئێمە بێ ئێوە نە ژیانمان دەبێ و نە دەژین. چونکە ئێوە بناغە و ڕەگی ژیانمانن، بۆیە لە بری ئەوەی بەو شێوەیە بیر بکەنەوە، دەبوایە بە نووسین و بانگەواز و پێشکەشکردنی شانۆگەری داواتان لە کادێرە ڕامیاری و رۆشنبیری و زانستییەکانتان بکردایە کە واز لە ژیانی ئاوارەیی بهێنن و بگەڕێنەوە بۆ نێو باوەشی دایکی نیشتمان بۆ خزمەتکردن و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بوژاندنەوەی گەلەکەمان.

ستۆکهۆڵم
١٩٩٢

www.arsivakurd.org

و چەوسانەوەی نەتەوەکەمانیان گەیاند بە دونیا و نەتەوەکەمانیان بە جیهان ناساند؟ دەشێ بپرسین و بڵێین: کێ بوون ئەوانەی کە هەڵمەتی مەردانەیان دەبردە سەر باڵوێزخانەکانی داگیرکەری بەعسی لە وڵاتەکانی ئەوروپا و ئەمریکادا، دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و گازی ژەهراوی لە کوردستاندا؟ کێ بوون ئەوانەی کە بە دەنگی زوڵاڵ و دلێریان چەندان جار دونیای بێ خەبەریان ڕاپەراند لە کارەساتی ڕاگوێزان و بە عەرەبکردن و وێرانکردنی کوردستان و کوشتنی بە کۆمەڵ و (ئەنفالەکان)دا؟ کێ بوون ئەوانەی کە شەوڕۆژییان لێک دابوو، مانیان دەگرت، نانیان نەدەخوارد، شەونخونیان دەکرد، وازییان لە هەموو شتێکی خۆیان هێنابوو، زیاد لە پێویست لەبەردەم باڵوێزخانەکانی ئەمریکا و فەرەنسە و ئینگلتەرادا، خۆنیشاندانیان ساز دەکرد لە کاتی کارەساتە جەرگ بڕەکەی کوردستان و تێکشانە گەورەکەی ساڵی ۱۹۹۱ و ڕەو و کۆچە گشتییەکەی کوردا؟ کێ بوون ئەوانەی کە سەرتاپای دونیایان شڵەقاندبوو و بوونە کەرەسەی دەنگوباسی رادیۆکانی جیهان، کاتێک کە پەلاماری باڵوێزخانەکانی (بەعسی)یان دەدا لە وڵاتانی ئەوروپادا و یەک لە دوای یەک بەردباران دەکران و هەندێکیان سوتاندن و دەستیشیان گرت بەسەر هەندێکی تریشیاندا کە زۆر لە برایانی دڵسۆزی کوردی تێدا تووشی گرتن و دادگا و لێدان و هەتا ئێستاش تووشی زەرەر بوون؟ ئایا ئەوە هەر بۆ ئەوە نەبوو کە ئەو جیهانە بێ خەبەرە نوستووە لە ئاستی کوردا بەخەبەری بهێنن، تاکو ناچاریان بکەن کە هەڵوێستێک بەرامبەر کێشەی راکردووی کورد وەربگرن و کەمێک (ڕەحم)یان بجوڵێ بەرامبەر منداڵ و پیر و پەککەوتە و ژنانی کورد؟ بۆمان هەیە و بپرسین، کێ بوون ئەوانەی کە لە دەرگای هەموو ڕێکخراوە خێرخوازییەکانیان دەدا و لەسەر جادەکان پارەیان کۆدەکردەوە و ماڵ بە ماڵ و کەنیسە بە کەنیسە جل و بەرگیان کۆدەکردەوە بۆ لێقەوماوانی گەلەکەیان؟ ئەمانە و گەلێ پرسیاری تر، کە وەڵامەکانیان ڕوون و ئاشکرایە لای جەماوەر و خەڵکانی بە ویژدان.

هەرچەندە لە هەموو ڕوویەکەوە کوردی پەریوەی هەندەران چاکترن لە خەڵکی کوردستان، جگە لە ڕووی گیانی و مەڕالەوە (ئەویش لای کوردی بە ویژدان)، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی کە ئەوانیش زۆر لە خۆش گوزەرانیدا دەژین، کەم کەس هەیە لەم دەربەدەرییەشدا کە قەرزار نەبێ، جگە لە چەند کەسێکی کەم، کە بەرەنجی شانی خۆیان و بە ئارەقەی نێوچەوانیان بوونەتە خاوەنی دوکانی تایبەتی و بازرگانی خۆیان. کوردەکان بە هەر چەرمەسەرییەک بێ کار دەکەن و لەم ژیانە سەختەی ئەوروپادا پارە پەیدا دەکەن و یارمەتییەکی کەس و کار و دۆست و گەلەکەشیان دەدەن، کە بەو کارە کەمێ باری گرانی سەرشانیان ئاسان دەکەن و بۆچی دەبێ تاوان بێ گەر کوردێک مشووری پاشەرۆژی خۆی یان خێزانەکەی بخوات و خانوویەک بکڕێ؟ ئەو کارە چ زیانێک بە خەڵکی دەبەخشێ؟ بە پێچوانەوە ئەوە مانای وایە، کە ئەو کەسە چاوەڕوانی فرسەتێکە ڕۆژێکە کە بە سەربەستی بگەڕێتەوە نێو وڵاتەکەی خۆی و کۆتایی بە ژیانی دەربەدەری بهێنێ. من پێم وایە خانوو کڕین نابێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار بەو شێوەیەی کە خەڵکی بیری لێدەکاتەوە، چونکە ئەوە زیاتر خۆی پەیوەندی هەیە بە نرخی دیناری عێراقییەوە (کە لە سایەی خواوە) ڕۆژ بە ڕۆژ لە نزم بوونەوە دایە و بە جارێک دابەزیوە لە بازاری جیهانی نێو دەوڵەتاندا. یاخود ئەگەر کوردێک بگەڕێتەوە و بیەوێت خێزانێکی کوردی درووست بکات، ئەوە گەلێک چاکتر نییە لەوەی کە لاوەکانمان ژنی بێگانە بهێنن و کە هەموو شتێکیان جیاوازە، هەرگیز تاسەر ناتوانن پێکەوە بژین و پاشانیش دەبێتە مایەی نائومێدی و جیابوونەوە و منداڵەکانیش کە بە باوک کوردن نە زمانی نەتەوەیی خۆیان دەزانن، نە بە کوردیش دەبژێردرێن، ئەوە جگە لەوەی هەر کەسێ کیژە کوردێک بخوازێ، دەتوانێ دەستی یارمەتیش درێژ بکات بۆ ئەو خێزانەی ژنەکەی لێهێناوە.

من پێم وایە هێنانەوەی پارەی قورس (ڤالوتە) بۆ کوردستان و خەرجکردنی و بڵاوکردنەوەی زیاتر کار دەکاتە سەر ئابووری کوردستان و زیاتر دەوڵەمەندی دەکا و گەشە پێدەکات بە تایبەتی لەم کات و زرووفەدا. هەر کوردی دەربەدەر نییە کە هەوڵ دەدەن لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکاندا بگەڕێنەوە بۆ خزمەتکردن و ئاوەدانکردوەی کوردستان؟ هەر ئەو کوردانەشن کە لە چەند شوێنێکی جیاواز هەستاون بە چەند کارێکی چاک وەک کردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانە. ئایا هەر هەندێ لەو کوردانە نین کە گەڕاونەتەوە ڕیزی گەلەکەمان و زۆربەیان بوونەتە لێپرسراوی ڕێکخراوە ڕامیارییەکان و کاربەدەستی باڵای پەرلەمان و وەزارەتەکان؟ ئایا ئێستاش هەر کەسوکاری ئەوان نین لە هەندەران؟ کەواتە ئەوانە کێن؟ لە وەڵامدا دەڵێم: ئەوانە بەشێکی گرنگی نەتەوەکەمانن و هەموو کەسوکار و خۆشەویست و دڵسۆزی ئێوەن، ئەوانەش کوردن وەکو ئێوە و هیچ شتێکیش نییە کە لە ئێوەیان جیابکاتەوە، ئەوانە خەمخۆر و دڵسۆزی ئێوەن، لە خراپترین حاڵەتیشدا، ئەگەر ئەوان کەڵک و سوودێکیشیان بۆ ئێوە نەبووبێ، ئەوا بە هیچ جۆرێک ڕۆژێ لە ڕۆژاندا زەرەرییان نەبووە و ناشبێ.

جا کەواتە ئەم هەموو سوکایەتی و پلارهاوێشتن و ناکۆکی و دووبەرەکییە بۆ؟ لە پێناوی چیدا؟ کێ قازانجی لێدەبینێ جگە لە دوژمنانی گەل؟ ئایا دیموکراسیەت بریتییە لە ئازاردانی هەست و هۆشی خەڵکی دی یان ڕەخنەی بەجێ لەو کەموکوڕییانەی کە هەیە؟

من پێم وایە کە کوردی پەنابەر ئەم ڕۆژەی لە مێژە بە ئاوات دەخوازێ، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تروسکاییەک ڕۆناکاییەک هەبێ لە کوردستاندا و خەڵکی بە خاک و خۆڵی نیشتمان و گەلە هەژارە بندەستەکەی خۆی شاد ببێتەوە، چاوی بە کەژ و کێوە سەرکەشەکانی کوردستانەکەی ڕۆشن ببێتەوە، دڵ و دەروونی بە گوڵاڵە سوورەی بەهاری کوردستانە خوێناوەییەکەی ببوژێتەوە، هەوایەکی پاک و سازگاری نیشتمان هەڵمژێ.

لەوانەیە هەندێ کەس لە گەڕانەوەیاندا بۆ کوردستان، هەستابن بە هەندێ کاری نابەجێ، خوو ڕەوشتی پاکی کوردەواری خۆیان گۆڕی بێ، هەندێ قسەی بەرز و نزمیان کردبێ، کە بوبێتە هۆی روشاندنی هەست و هۆشی هەندێ کەسی دی، ماشین و ئامێری تایبەتییان گەیاندبێتە کوردستان و کەڵکیان لەو هەلە هەڵکەوتووە وەرگرتبێ بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و قاچاخچێتیکردن، بەڵام ئەوانە هەمووی چەند کەسێکن و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەوانە وەکو چۆن لای ئێوە ئێسکیان تاڵ و ڕەزایان قورسە، لای خەڵکی بەشەرەف و بەویژدانی ئاوارەی کوردیش هەروەهان، ئەوە جگە لەوەی کە نابێ تەنها وێنە نێگەتیڤەکان سەیر بکەن و هەرچی شتە پۆزەتیڤەکانی دێ هەیە ڕەتبکرێنەوە و بدرێتە دواوە، کە ئەوە قەترە بە دەریایەکە و نابێ ونابێ و هەرگیز نابێ کە حوکم وا بدرێ، تەڕ و وشکیش پێکەوە بسوتێنرێ لە هیچ کات و سەردەمێکدا دەبێ ئەوەش بزانن کە بمانەوێ و نەمانەوێ خووڕەوشت و کلتووری ئەوروپایی و وڵاتانی دی کار دەکاتە سەر خووڕەوشتی بەشێکی زۆر لە کوردە ئاوارەکان، چ لە ڕووی خواردن و پۆشاک و ژیانەوەبێ، چ لە ڕووی بۆچوون و هەڵسوکەوت و جۆری

www.arsivakurd.org

و نیشتمانەکەم، بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی وەک کوردێک کە پێویستە هەندێ زانیاری بخەمە ڕوو بۆ جەماوەری گەلە نەبەزەکەم، بۆ ئەوەی چی دی لەوە زیاتر درزی ئەو دەلاقەیەی نێوانمان زیاد نەکا و کورد و کوردی ئەوروپایی بلاْونەبێتەوە، کە لە هەموو حالْ و بارێکدا چ کەلْک و قازانجێکی نییە.

سەرەتا پێویستە بزانین ئەو کوردانەی کە لە دەرەوەی کوردستان دەژین کێن. پاشان تێدەگەین بۆچی ئەوەندە کورد دەربەدەر بووە و خاکی باووباپیرانیان بەجێهێشتووە. بە کورتییەکەی ئەو کوردانە پێکهاتوون لەم گروپانەی خوارەوە:

١- کۆمەلێک کورد هەن کە هەر لە زۆر کۆنەوە کۆچییان کردووە بۆ دەرەوەی ولاْت لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە. لە ئەنجامی بێ دەرەتانی و نەبوونی ئازادی و لەبەر خراپی باری ژیانی ئابووریان، کە ئەوانە بونەتە نیشتەجێی تەواوی ئەو ولاْتانە و زۆربەی زۆری کورد پێک دەهێنن لە هەندەران. بەشی زۆری ئەو کوردانە لە باکوور و خۆرئاوای کوردستانەوە هاتوون.

٢- بەشی زۆری ئەو کوردانەی کە لە باشووری کوردستانەوە ڕوویان کردۆتە دەرەوەی کوردستان، لەم گروپانە پێکدێن:

ئا- ئەو پێشمەرگە و کادیرانەی، کە لە ئەنجامی هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولدا نەگەڕانەوە بندەستی داگیرکەری دەولْەتی عێراقی، بە خۆیان و خێزانیانەوە خۆیان گەیاندە یەکێ لەو ولاْتانەی کە ئەمڕۆ تیا نیشتەجێ بوون. لەبەر بێ چاری و لەبەر ئەوەی کە حەزییان نە دەکرد چی دی لەژێر سایەی ڕژێمی ئەوسای ئێراندا بژین.

ب- هەموو ئەو پێشمەرگە و قارەمانانەی گەلەکەمان، کە لە ئەنجامی شەڕی نێوخۆ و کورد کوژییەوە، تووشی ڕەشبینی و نائومێدی دەبوون و مەیدانەکەیان چۆلْ دەکرد و دەهاتنە دەرەوە.

ج- هەموو ئەو برا پێشمەرگە و ڕۆلْە جگەر سۆزانەی نەتەوەکەمان، کە لە ئەنجامی داگیرکردنی بەرفراوانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستاندا لەلایەن داگیرکەرەوە بە هۆی ئەو جەنگە ناڕەوا سەپێنراوە بەسەرماندا، لە شۆڕشی نوێماندا تووشی مالْوێرانی و برینداری و پەککەوتوویی بوون، بە تایبەتی دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و گازی ژەهراوی لە هەلْەبجەی شەهید و بادینانی بریندار، لە ئەنجامی کوشتنی بە کۆمەلْی خەلْکی کوردستان و هێرشی بەرفراوانی (ئەنفالەکان) و خاپوورکردنی تەواوی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان.

د- هەموو ئەو کوردانەی بە تایبەتی لاوەکانمان، کە لە ئەنجامی جەنگی مالْوێرانکەرەی ٨ سالْەی عێراق و ئێراندا، پاشان عێراق و کوێتدا هەلاْتن لەسەربازی و شانیان دایە بەر ئەوە خزمەتە سەپێنراوە بە سەریاندا و نەیان دەویست چی دی لەوە زیاتر ببنە چیلکەی سوتەمەنی ئەو دوو جەنگە گلاوانە و لەبەر بڕوا نەبوونیشیان بە شەڕی چەپەلْی براکوژی، ناچار ملی ڕێگای دەربەدەرییان گرتەبەر و پەنابەرییان بۆخۆیان هەلْبژارد.

هـ- کۆمەلْێکی دیش هەن، کە دوای سەرکوتکردنی ڕاپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ لەبەر بێ دەرەتانی و لەبەر سەرماو لەتاو برسێتی، بە هەر دەردیسەرییەک بێت خۆیان گەیاندۆتە یەکێ لە ولاْتەکانی دەرەوە و لە ناچاریدا جێ گیر بوون. کە بە داخەوە ڕەو و کۆچی ئەم دەستەیە تاکو ئێستاش بەردەوامە (جا لەبەر هەر هۆیەک بێت) بۆ دەرەوەی کوردستان، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا دەرکەوتەیەکی خەتەرە و پێویستی بە لێکۆلینەوە و چارسەرکردن هەیە.

٣- کۆمەلْێکی دی کە بۆ خوێندن و خۆفێرکردن لە هەموو کوردستانی مەزنەوە، ڕوویان کردۆتە هەندەران، دوای تەواوکردنی خوێندنەکەیان نەگەڕاونەتەوە بۆ کوردستان (لەبەر هەر هۆیەک بێ) جگە لە کەمێکی کەم، کە ئەمانەش زۆربەی هەرە زۆریان ڕێکخراوە ڕامیاریەکانی کوردستان ناردوونیەتە دەرەوە بۆ خوێندن لە بار و زرووفی جیاجیادا. ئەمانە بوون ئەو دەستە و تاقمانەی کە لە بارودۆخی جیاوازدا کوردستانیان بەجێهێشتووە و ڕوویان کردۆتە دەربەدەری و پەنابەری کە بەشێکی لەبن نەهاتووی نەتەوەکەمان پێکدەهێنن.

من لێرەدا نامەوێ پەنجە بۆ کەس ڕابکێشم و بلْێم کە هەموو ئەو کوردانە لە دەرەوەی ولاْتن زۆر باشن و وەک یەک سووتاون بۆ مەسەلەکە، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی بیروهۆشی نەتەوەییان، بۆ جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و ڕابردووی ڕامیارییان. دیارە پەنجەکانی دەستیش هەمووی وەک یەک نین و لەو ڕاکردن و ڕەو و کۆچکردنە بە کۆمەلْییەدا، کوردی هەموو جۆرە و هەمەچەشنەی تیادەبێ، کە هەریەکە لەبەر هۆیەک ملی ڕێگای گرتۆتە بەر و لە هەندەرانیش بە شێوەیەکی تایبەتی جۆری ژیانی نوێی خۆی و چۆنیەتی پەیوەندییەکانی دیاری دەکات، کە لە ڕاستیدا لەم ولاْتانەی دەرەوەدا، هەموو کەس سەربەست و ئازادە و کەس مافی ئەوەی نییە کە بە زۆر جۆرە ژیانێکی تایبەتی بەسەر کەسی دی دابسەپێنێ، لەهەر شوێنێکی ئەم دونیایەدا بێت، بەلاْم بالێرەدا هەلْویستەیەک بکەین و ئاورێکی بە وێژدانانە بدەینەوە لە هەموو ڕووداو و شتەکان چ لە کوردستان و چ لە هەندەران وەکو خۆی چۆن هەیە. ئایا کەس لە خۆی پرسی، بۆچی ئەوەندە کورد کۆچ دەکەن و ڕوودەکەنە دەربەدەری؟ ئایا کەس پرسی کرد کەی بە تەواوی کۆچ و ڕەوەکە دەستیپێکرد؟ هۆکانی چییە؟ ئایا هەر کەس و کارەکانی خۆمان نەبوون کە لە کاتی خۆی هانیان دەداین ڕێگەی دەرەوە بگرینەبەر؟ بە بەراوردکردنێکی بچووکی هەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێیمان ئەو وەلاْمەمان دەست دەکەوێ، چونکە لەسەرەتای درووستبوونی شۆڕشی ئەیلولەوە تاکو هەرەسەکەش، لە ماوەی ئەو (١٤) سالْەدا بە قەدەر یەک سالْی دوای هەرەس کورد ڕووی نەکردۆتە دەرەوە، بە تایبەتی دوای سالْەکانی ١٩٨٠ کە ئیدی بە تەواوی شەڕی کورد کوژی لە هەموو کوردستاندا گەرم بوو، جگە لە جەنگەکانی ڕژێم.

لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد بێ بەشە لە مافی نەتەوەیی خۆی و لە دامەزراندنی دەولْەتی ناسیونالی تایبەتی خۆی، دەستە و دایرە و بالْوێزخانەی تایبەتی خۆی نییە، پێویستە کوردی پەریوەی هەندەران لە دەرەوەی کوردستان، لەهەر شوێنێک هەن و لە هەموو ئاستێکدا ببنە نوێنەری ڕاستەقینەی زمانحالْی نەتەوەکەیان، هەرچەندە ئەم کارە وەکو پێویست بە ئەنجام نەگەیەنراوە، زۆربەی زۆری هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکییانەی کە لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا ڕوویدا، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بووە هۆی کەرتکردنی ڕیزەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری و بە تەواوەتیش ڕەنگی دایەوە بۆ نێو ڕیزی کوردەکانی دەرەوەی کوردستان بە گشتی، بەلاْم دیسانەوە کەمیش نەکراوە.

ئایا هەر ئەو کوردانەی هەندەران نەبوون، کە هەر لە کۆنەوە پارێزەری ڕاستەقینەی مافەکانی نەتەوەکەیان بوون؟ هەر ئەوان نەبوون کە بە دەیان و بگرە بە سەدان یاداشت و بیرخەرەوەیان داوە بە سەرکردایەتی ڕێکخراوە ڕامیارییەکان و دامودەزگا مرۆڤ دۆستەکان و نێو دەولْەتییەکان؟ هەر ئەوان نەبوون کە بە دەیان نامیلکە و کتێبییان بە زمانە جیاجیاکانی دونیا لەسەر کێشەی کورد و کوردستاندا و شۆڕشەکەی نووسیوە؟ هەر ئەوان نەبوون کە دەرد و ئازاری ژێردەستی



www.arsivakurdi.org

# لە پێنـاوی راسـتیدا

حسین محەممەد عەزیز




بێگومان لە پرنسیپەکانی دیموکراسییەت، بریتییە لە ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن. مرۆڤ چەند پێویستی بە هەوایە، ماسی چەند پێویستی بە ئاوە، نەتەوەی کوردیش ئەمڕۆ ئەوەندە و بگرە زیاتریش پێویستی بە دیموکراسییەت هەیە. کاریگەترین چەکێک بۆ نەتەوەکەمان، کە بەرەنگاری پیلانەکانی دوژمنان و داگیرکەرانی پێ ببێتەوە، چاکترین شێوە کارکردنێک بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندییەکانی نێوان دەزگاکانی فەرمانڕوایی و سنووری دەسەلاتی ڕێکخراوە رامیارییەکان و دەستە و گروپەکانی دی و جەماوەر و مامەڵەکردن لەتەک یەکتریدا، بۆ دەستەبەرکردن و پێکەوەنانی ژیانێکی پڕ لە ئاسوودە و کامەرانی بۆ گەل، بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی ڕێکوپێکی ئازاد و یەکسان و تەندروست، کە دوور بێ لە هەموو جۆرە چەوساندنەوە و دادۆشینێک، ئەڵێم تەنها تەنها دیموکراسییەتە.

دیارە هەر لەبەر نەبوونی ئەو دیموکراسییەش بووە، کە لە دێر و زەمانەوە چ لە کوردستان و چ لە عێراقدا و بگرە لە سەرانسەری خۆرهەلاتی نێوەراستیشدا، کە حاڵ و ژیانی جەماوەرانی ئەو گەلانە، ئەوڕۆ بەو شێوەیە تووشی داگیرکردن و دواکەوتوویی و هەژاری و دەردەکانی دی کۆمەڵ بووە.

لە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی ئازاددا، دەرگای دەزگاکانی دەوڵەت، هەمیشە لەسەر گازی پشتە بۆ ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، بۆ ئەو مەبەستە، هەموو هێز و توانایەکیان بە گەڕ خستووە و خستۆتە بەردەم جەماوەر، هەر لە رۆژنامە و گۆڤار و ویستگەکانی رادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆن و شانۆ و سینەماوە تا دەگاتە خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبوونەوە جەماوەرییەکان و بەستنی کۆڕ و سیمینار و پروپاگەندەکردن. بۆیە بە بەراوردکردنێکی بچوکی ئەو جۆرە کۆمەڵگا ئازادانە لەگەڵ کۆمەڵی کوردەواریدا (ئەگەر بشێ) دەبینین جیاوازییەکەیان نێوان ئاسمان و ڕێسمانە.

ئەوەی کە زۆر دڵخۆش کەربێ، لەم رۆژانەدا و لە ژیانی گەلە قارەمانەکەماندا، تێکهەڵکێشکردنی ئەو هەموو ڕەنج و تەقەلا و خەبات و توانا کوردییانەیە، کە ساڵەهای ساڵە گەلەکەمان خوێنی بۆ ئەرێژێ و قوربانی بۆ ئەدات لە پێناوی ئازادی و سەرفرازی نەتەوییدا، لەگەڵ شنەبای فێنک و سازگاری ئەو دیموکراسییەتەدا، کە سەرتاسەری ژیانی سەرزەمین دوونیای ڕامیاری ئەوڕۆی گرتۆتەوە. بە ڕاستی جێگەی شانازی و ڕێزە کە دیموکراسییەتێکی ئەوها هاتۆتە گۆڕێ لە باشووری کوردستاندا، کە کەم وێنەیە تاکو ئێستا لە هەموو نێوچەی رۆژهەلاتی ناوەندا، جگە لە ئیسرائیل.

ئەمرۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندن ئەوەندە لە پێشکەوتن دایە، کە دەتوانێ هەر لە بچووکترین ڕووداوەوە تا گەورەترینیان لەم پەری رۆژهەلاتەوە بۆ ئەوپەری رۆژئاوا لە ماوەیەکی کورتدا بگوێزرێتەوە و خەڵکی دونیایان لێئاگادار بکات. ئێمەش کوردی پەرپوەی هەندەران، هەر چەندە بە لاشە دوورین لە ولاتی بەفر و خوێنەوە، هەمیشە دڵ و گیانمان پەروانەی چرای بیستنی دەنگ و باسێکە. ئێمە کە بەشێکین لەگەلەکەمان و تەواوکەری یەکترین، هەرگیز لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجەی گەلەکەماندایین، حەز دەکەین و دەمانەوێت کە لە خۆشی و ناخۆشیدا بەشداری بکەین و گوێ بۆ ڕا و بۆچوونەکانی یەکتری رابگرین، بۆ گەیشتنە ئەنجامێکی پڕ سوود، تا چی دی لەوە زیاتر دڵی دوژمنەکانمان بە خۆمان خۆش نەکەین.

ئەمز لە شوێنی خۆمەوە، لە هەستکردن بە لێپرسینەوە بەرامبەر نەتەوە

نابەجێن. ئێمە لە دواوە دەست پێدەکەین. (ف.ک.ک.س) یەکێتی هێزە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای کوردە لە سوێد و نوێنەرایەتیشی دەکات. ئەگەر هەر بەشێکی کۆمەڵگایەکەمان و هەر لایەنێکی ستروکتوری رێکخراوەیی، ئەرکەکانی خۆی رانەپەرێنی، ئەوا لەکاروچالاکی ئێمەشدا گەلێک کەموکوڕی پەیدا دەبن. ئەگەر کۆمەڵەی کۆمونەکان یان کۆمەڵە پیشەییەکان و لایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵگاکەمان وەک(یەکێتی لاوان، یەکێتی ژنان)، بەهێز و خاوەنی دەسپێشکەری نەبن لەکارەکانیاندا، ئەوا رێکخراوەکەی (ف.ک.ک.س)یش بەهێز نابێت و ناتوانێت بەتەواوەتی ئەرکەکانی خۆی بەجێبکات. (ف.ک.ک.س) بە هەبوونی کۆمەڵەکانی ئەندامی ناو شارەکانی سوێد و بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگاکەمانەوە، هەبوونی هەیە. ئەم هەبوونە تەنها بە هۆی هەبوونی ئۆرگانە هەڵبژاردراوەکانی (ف.ک.ک.س) ەوە پەیدا نابێت هەروەکو چۆن تەنها لەناو شاری ستۆکهۆڵمیشدا پەیدا نابێت. جا لەم مەسەلەیەدا، هەموو ئۆرگانە جیاجیاکان و سەرانسەری ئەندامانی (ف.ک.ک.س)بەرپرسیارن. لەلایێکی تریشەوە، کۆمەڵگای کوردەوارییمان وەکو هەموو کۆمەڵگایێکی تر،کۆمەڵگایێکی بە رێکخراوە، لە ئاستی جیاجیا دا. نە (ف.ک.ک.س) دەتوانێت فۆنکشونی وەکو فەنکشونێکی هێزێکی سیاسی دروست بکات و نە هێزی سیاسیش دەتوانی فۆنکشونی وەکو (ف.ک.ک.س) دروست بکات. بەڵام ئەم هەردووە، لە ئاستی رێکخراوەیی کۆمەڵگەکەمان دەتوانن بەتێگەیشتن لەیەکتر و بە بەکارهێنانی فۆنکشونەکانی خۆیان یەکتر تەواو بکەن و پێکەوە کارو چالاکییێکی زۆر چاک بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانمان ئامادە و جێ بە جێ بکەن.

هەروەکو دەزانرێت (ف.ک.ک.س)، رێکخستنێکە بۆ ئاگاداری و بۆ دروست کردنی رای گشتی. ئەم بەرپرسیارییەش لە هەموو لایەنە جیاجیاکانی (ف.ک.ک.س) رەنگ دەداتەوە. لە دروستکردنی رای گشتی دا شێوەی کاری نەگۆر یان جێگیر و یەکلایەنە، بوونی نیە.

جاری واهەیە کە خۆپیشاندانێک یان کۆبوونەوەیێک یان نامەیێک،(بەپێی شوێن و کات و جۆری بۆنە) دەتوانێت، ئەنجامێکی باشی هەبێت.

جا بۆیە دەبێت خۆمان لە یەک لایەنی وەدوور نێین، بۆ جێ بەجێ کردنی مەسەلە جۆر بەجۆرەکان.

لە دوایین خاڵی کەموکوڕی، شێوەی کاروچالاکییەکان دا، مەسەلەی (کادر) و (کۆمیتەی کاروچالاکی) دێنە پێشەوە.هەڵبەتە کۆنگرەکانی (ف.ک.ک.س) کاتێک کە ئۆرگانەکانی هەڵدەبژێردرێن، دەبێت بیر لە هاوسەنگی جوگرافی کوردستان و سوێد و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگاکەمان بکاتەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم شتانەدا دەبێت ئێمە بیرێکی زیاتر لە توانای ئۆرگان و کۆمیتەی کاروچالاکییەکانی (ف.ک.ک.س)، بکەینەوە بۆ بەجێ هێنانی ئەو ئامانجانەی کە باسمان کرد. دەبێت پێش ئەوەی کە وەکو تاکە کەس خۆ ئامادەی کاری جۆربەجۆری (ف.ک.ک.س)دەکەین، پێویستە بیر لە توانای جێ بەجێ کردنەکانیان بکەینەوە. کەموکوڕی یەک لایەن لە کار و تێکۆشان دا بێگومان کاردەکاتە، سەرتاسەری کارەکانی تر.

سەبارەت بەناوەڕۆکی کاروچالاکی (ف.ک.ک.س)یش، ئێمە لێرەدا ئەم خاڵانە وەکو کەموکوڕی دەخینە روو:

سێ لایەنی بنەڕتی لە ناوەڕۆکی کاروچالاکی (ف.ک.ک.س)دا، لەسەرەوە باسکران،جا کاتێک ئەو لایەنانە یەک بە یەک لە بەر چاوبگرین، ئەوا زۆر بە چاکی دیار ئەبێت کە سەبارەت بە سیاسەتی بیانییەکان و پەنابەران،چ وەکو کۆمەڵگە و چ وەکو رێکخراوی کۆمەڵایەتیمان (ف.ک.ک.س)، کەموکوڕیمان هەیە، هەرچەند ئێمە بەرێگەی پەیوەندیمانەوە بە دەزگایەکانی دەوڵتی سوێدەوە، بینین و داواکارییەکانمان ئامادەدەکەین.پێش هەموو شتێک. لەم بوارەدا، ئێمە گفتوگۆ دەربارەی گۆرانکارییەکان و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگای سوێد، ناکەین، بیری تێر و تەسەل لە گۆرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگای سوێد، ناکەینەوە و دیدێکی هاوبەش ئامادە ناکەین،تاکو ببێتە بناغەیێک بۆ کاروچالاکییە جۆربەجۆرەکانی (ف.ک.ک.س). بۆ بەجێ گەیاندنی بەرپرسیارێتی، تەنها نوسینی هەندێک بەڵگە یاخود بەشداربوون لە هەندێک کۆبوونەوە بەس نیە. دەبێ ئێمە وەکو کۆمەڵگەیێک، دەربارەی مەسەلەی کۆمەڵایەتی لە سوێد بەشێوەیێکی چالاک بیر بکەینەوە.

سەبارەت بەو مەسەلانەی کە بە کەسایەتی نەتەوایەتیشمانەوە گرێدراون، وەکو کردنەوەی دەزگای کلتوری و پاراستن و گەشەپێدانی فۆلکلۆرمان وەکو:زمان، موزیک،هەڵپەرکێ... هتد، پێویستی بە فیداکاری کاری بە سیستەم(نظام) هەیە.نووسەران بە دەزگاکانی خۆیانەوە، هونەرمەندان بە دەزگاکانی خۆیانەوە، دەتوانن ئەم لایەنانەی کاروچالاکی (ف.ک.ک.س) و کۆمەڵگایەکەمان بەهێز تر بکەن.

دوایین لایەنیش، پشتگیریکردنی تێکۆشانی گەلەکەمانە بۆ بەدەست هێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانمان. (ف.ک.ک.س) وەکو رێکخستنێکی نەتەوەیی، هیچ جیاوازییێک لە نێوان گۆشەیێکی وڵاتەکەمان و گۆشەیێکی تریدا دانانێت و داینەناوە. دەسکەوت و سەرکەوتن لەهەر لایێکی وڵاتەکەمان، وەکو گرفت و چەوساندنەوەکانمان گرنگن و لە ناو پرۆگرامی کارەکانماندا چێی گرتووە. لە بەجێ گەیاندنی بەرپرسیارێتی لەم بوارەدا، زۆر ئاسەییە کە شێوەی کاروچالاکی (ف.ک.ک.س) کەمێک جیاواز دیار بدات، ئەویش لەبەر پارچە پارچە بوونی وڵاتەکەمان و جیاوازی ئاستی دەسکەوتەکان و شێوەی چەوساندنەوەمانە. لە هەندێک لایەندا ئەگەر کەموکوڕی هەبێت. ئێمە زۆر بە ئاشکرا دەتوانین بڵێن کە سەبارەت بە بەشی رۆژهەڵات و بەشی باشوری رۆژئاوای کوردستان، کاروچالاکی (ف.ک.ک.س)، کەموکوڕی هەیە.

سەبارەت بە باکور و باشوری کوردستانیش دیسانەوە، وەکو یەک نین و وەکو یەکیش نابن. چونکە هەر بەشێکی وڵاتەکەمان بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە.جا بۆیە لەناو بردنی ئەم کەمو کوڕییانەی ناو کۆمەڵگەکەمان، پێویستییێکی بنەڕەتییە. بەڵام لە لایێکی تریشەوە، ئێمە وەکو هاووڵاتییانی وڵاتێکی پارچە پارچە و بێ بەری لە هەموو مافە نەتەوایەتی و دیموکراتییەکان، هەر جۆرە سەرکەوتن و دەسکەوتێک کە لە هەر پارچەیێکی کوردستاندا دێتە ئاراوە+ و ئێمەیش لە هەر پارچەیێکی تری کوردستان بین، گرنگ نیە، دەبێ بە سەرکەوتن و دەسکەوتی خۆمانی بزانین. ئەم هەڵوێست و تێڕوانینە بە هەڵوێست و بەشداری خەباتی پارتە سیاسییەکان بۆ هەر مەسەلەیێک و لە هەر گۆشەیێکی کوردستان بێت، بیکەینە ریالیتێت.

ئێمە هیوادارین کە بەم خاڵانەی کە لەسەرەوە باسمانکردن، بتوانین یارمەتی پێکهێنانی گفتوگۆیێک و لێپرسینەوەیێکی دروستکەر بدەین. تاکو کۆنگرەی (١٣) هەمینی (ف.ک.ک.س)، هەنگاوێکی نوێ بێت لەناو کۆمەڵگای کوردەوارییمان لەسوێد.دەبێ ئەوە بزانین کە هیچ شتێک لە خۆرا دروست نابێ و بۆ پێشکەوتنی ژیانی کومەڵایەتی و رێکخراوەییمان هوشیاری لەدەست نەدەین. بەم جۆرەیش دەتوانین بەرپرسیارییەتی خومان بەرامبەر بە چارەسەر کردنی کێشە پەنابەرێتی کومەڵایەتی و نەتەوایەتی، پێک بهێنین وجێگەی خۆشمان لە ناو تێکۆشانی گەلەکەماندا،بۆ بەدەسهێنانی مافە رەواکانمان، بکەینەوە.

بەهیوای کۆنگرەیێکی سەرکەوتووەوە، سلاوی برایانە بۆ هەموو نوێنەران و هاووڵاتیانی کورد لەسوێد ئاراستە بێت.

کۆمیتەی گشتی
فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لەسوێد
ستۆکهۆلم ١٩٩٣/١/٣١

www.arsivakurdi.org

خوێنەری بەڕێز:
وەکو دەزانرێت لە ٢٧-١٩٩٣/٢/٢٨ کۆنگرەی ١٣مینی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوێد پێکدێ.
بۆیە دەستەی نووسەرانی بەربانگ بە پێویستی زانی کە (پێشەکی) راپۆرتی کار و چالاکیەکانی کۆمیتەی گشتی فیدراسیۆن لە گۆڤاری بەربانگدا بڵاوبکاتەوە.
ئێمە ئەم پێشەکیە پێشکەش بە خوێنەرانی بەربانگ دەکەین بەو هیوایەی کە ئاگاداریەکی بنەرەتانە لەسەر کار و چالاکیەکانی فیدراسیۆن رابگەیەنێ.

# پێشەکی

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد(ف.ک.ک.س.)، کۆنگرەی(١٣) هەمینی خۆی لە رۆژانی(٢٧-٢٨)ی مانگی(دوو)ی ساڵی(١٩٩٣)دا ساز دەکات.نوێنەرە هەڵبژاردراوەکانی کۆمەڵگای کوردمان لەسوێد، لەو دوو رۆژەدا لێپرسینەوەی ئەو کارە رێکخراوەییانەی خۆیان دەکەن کە لە ماوەی ساڵی رابردوودا هاتونەتە بەرهەم . ئەم کۆنگرەیەش وەکو کۆنگرەکانی تر، نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی کۆمەڵە ئەندامەکانی (ف.ک.ک.س) لە سەرانسەری سوێد، بە بینین و موناقەشە و بڕیاری خۆیانەوە دێن و شێوەی کاری داهاتوو دەسنیشان دەکەن و

هەروەها بڕیار لەسەر ئەو روانین و بڕیارانەی ناو ئەم راپۆرتەی بەردەستان بێتەگرتن و ئامادەکردن. بەم جۆرەش لایەنی باش و خراپی ستروکتور و کاری رێکخراوەیی (ف.ک.ک.س.)دیار دەکرێ.دەبێت هۆی ئەم لایەنە باش و خراپانەش بێتە باس و دەسنیشان کردن بۆئەوەی رێگەی چارەسەرکردنیان بۆبدۆزرێتەوە و ئەولایەنانەی کە باشیشن هەوڵی پاراستن و باشترکردنیان بدرێت.

بێگومان، ئەو کار و چالاکییانەی ئۆرگانەکانی (ف.ک.ک.س) بە هەندێک پێوەر لێی دەپرسرێتەوە. ئەم پێوەرەش پێش هەموو شتێک گرێدراوی روخسار و ئامانج و ئیمکانی بەرپرسیارانی (ف.ک.ک.س)ە کە دەبێت لەگەڵ روداوەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات دا ببینرێت و بەکار بهێنرێت.بەم جۆرە دەتوانین گفتوگۆێکی بابەتییانە و بنیاتنەر لەم کۆنگرەی (١٣) هەمینەماندا بهێنینە کایەوە و رێگەی بەردەمی کار و چالاکییەکانمان خاوێن بکەینەوە و یەکێتی کار و رێکخراوەیی کۆمەڵگایەکەی خۆمان لەسوێد لە کەسایەتی (ف.ک.ک.س)دا زیاتر بەهێز بکەین.

هەروەکو کە زۆر جار و لە بۆنە جۆربە جۆرەکاندا دەرکەوتووە کە (ف.ک.ک.س) بە رێکخراوە ئاوەدانەکەیەوە، بووەتە مایەی سەربەزی ئێمەی کوردان لە سوێد دا.نموونەێکە بۆ یەکێتی نەتەوەییمان و هەروەها نموونەێکی گرنگی بەرێوەبردنێکی دیموکراتییانەی کومەڵگەکەمانە. ئێمە، دەبێت هەرگیز لە دووبارەکردنەوەی سەربەرزیمان بۆ خۆ بەبەرپرس زانین لە بەرامبەر رێکخراوێکی وەکو (ف.ک.ک.س)دا ،رانەوەستین، بەڵام نابێت ئەم مەسەلەیە بمانخاتە بارودۆخێکی سستەوە و لێی پاڵکەوین و کەمو کورییەکانی خۆمان لە بیر بچێ. بەو پێوەرەی کە پێشتر باسمان کرد دەبێ بەچاوێکی رخنەگرانەوە دەسنیشانی کەموکورییەکانی خۆمان بکەین و لێیان نەترسین.

کۆمیتەی گشتی (ف.ک.ک.س)، راپۆرتی کاری ساڵێکی خۆی کە ئامادەکراوە، پێشکەشی نوێنەرانی کۆنگرە دەکات.جا هەموو راپۆرتەکە بەشی لێپرسینەوەی بەرپرسیارەکانی (ف.ک.ک.س) ناکات.ئەو شتانەی کە کراون یان بە هەڵەیی ئامادەکراون، لەناو راپۆرتەکەدا جێیان نابێتەوە.لێرەدا، لەم پێشەکییەدا ئێمە هەوڵ دەدەین کە کەموکورییەکانی کاری (ف.ک.ک.س)، لەگەڵ هۆیەکانیاندا، بخەینەڕوو. بەمجۆرەش پێمانوایە کە یارمەتی گفتوگۆێکی بنیاتنەرمان دابێت و هەروەها وەکو ئۆرگانی بەرپرسیار، کەموکوری خۆمان باس دەکەین.

هەروەکو دەزانرێت(ف.ک.ک.س) رێکخراوێکی (دیموکراتی- نەتەوەیی- کۆمەڵایەتی)ی پەنابەرانی کوردە لە سوێد. گۆڕەپانی کار و چالاکی (ف.ک.ک.س)وەکو رێکخراوێکی پەنابەران و پشتگیریی، لە هەموو ئەو مەسەلانەی کە وەکو گروپێکی پەنابەر پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، پێک دێت. سیاسەتی بیانی و پەنابەری، مەسەلەێکن کە بە کەسایەتی نەتەوایەتیمانەوە گرێدراوە. دروستکردن و ئامادەکردنی پشتگیریێکی بەهێز بۆ تێکۆشانی گەلەکەمان بۆ مافی نەتەوەیی و دیموکراتی خۆی، خاڵێکی سەرەکی گۆڕەپانی کار و چالاکییەکانی (ف.ک.ک.س) ە.

پێوەرمان بۆ دەسنیشان کردنی هەڵە و کەموکورییەکانیش ئەمانەن:

پێوانێکی تری موحاسەبەکردنی کار و چالاکی (ف.ک.ک.س)، ئەوەیە کە فۆنکشون و ستروکتوری رێکخستنی (ف.ک.ک.س) بەشێوەێکی راست بێتە تێگەیشتن. (ف.ک.ک.س) یەکێتی کۆمەڵە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی کۆمەڵگای کوردە لەسوێد، کەواتە (ف.ک.ک.س) وەکو رێکخراوێک، نوێنەرایەتی یەکێتی جێبەجێ کردنی فەنکشونە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردە لە سوێد. ئەگەر ئێمە ئەو شتانەی کە لە کۆمەڵەکانی شارە جیاجیاکان داوادەکرێ و وەکو رێکخراوێک لەفیدراسیۆن داوابکرێ، ئەوا ناتوانین چەسپاندنی ئەرکەکانی (ف.ک.ک.س)، بە شێوەێکی راست و بابەتییانە بەئەنجام بگەێنین. کۆمەڵگای کورد لە سوێد کاتێک ئەتوانێ لە ژێر ئەرک و بەرپرسیارییەکەی خۆیدا دەرچێ کە هەموو بەشەکانی کومەڵگەکەمان بە هەموو هێزە رێکخراوەییەکانی خۆیەوە بتوانێ راپەڕێ، ئەوسا دەتوانێ بەگشتیش فۆنکشونەکانی خۆی جێ بە جێ بکات.

کاتێک کە بەو دیتن و پێوەرانەی کە باسمان کرد، تەماشای کاری ساڵێکی (ف.ک.ک.س) بکەین. وەکو کەموکوری یاخود هەڵە، دەتوانین ئەم خاڵانە وەکو هەڵە یان کەموکوڕی دەسنیشان بکەین :

(ف.ک.ک.س) لەکارەکانی خۆیدا، هێشتا بەتەواوی لە(سپۆنتانت)بوون رزگاری نەبووە. هەرچەندە لەکۆنگرەکانی (ف.ک.ک.س) دا بەشێوەێکی بەرفراوان گفتوگۆ لەسەر کاروچالاکییەکان، دەکردرێت. ئەم گفتوگۆیانە ناگەنە ئامادەکردنی پلانی کاروچالاکی و لێپرسینەوەی جێ بەجێکردنی ئەم پلانەی کاروچالاکی.ئەم کەموکورییە دەبێت لەناو ببرێت. دەبێ پلانی کاروچالاکی بەش بە بەش ئامادەبکرێن و ببنە بڕیار، تاکو هەم پەشپەکتیڤی کاروچالاکی زوڵاڵ بێت و هەم لێپرسینەوەی کاروچالاکیش بەشێوەێکی بابەتییانە و دوور لە (عاطفە) بێت. هەر لە کۆبونەوەی یەکەمی کۆمیتەی گشتی (ف.ک.ک.س)دا، پلانی کاروچالاکی بۆ بواری جۆربەجۆر ئامادەدەکرێت و کۆمیتەی کاریشی بۆ دروست دەکرێت. بەڵام زۆر جار ئەم جۆرە پلانانە جێ بەجێ ناکرێن. گرنگترین هۆی ئەم مەسەلەیەش بێگومان شێوەی دروست کردنی کۆمیتەی کارە.لایەنێکی تریشی ئەوەیە کە، لە کۆمەڵگایێکی وەکو کۆمەڵگای سوێد و لەناو رێکخراوێکی گەورەی وەک (ف.ک.ک.س) دا، ئامادەکردن و جێ بەجێ کردنی پلانی کاروچالاکی ساڵانە و هەروەها پرۆژەی جۆراوجۆر، بەهۆی کەمی کات و بەردەوام نەبوونی کۆمیتەکانی کاروچالاکی،بەربەستێکی گەورە لەبەرامبەر ئۆرگانە هەڵبژاردراوەکانی (ف.ک.ک.س)دا دروست دەکات.

کەموکورییێکی تریش سەبارەت بە شێوەی کاروچالاکی ئەوەیە کە فۆنکشونەکانی (ف.ک.ک.س) بە باشی نەهاتووەتە تێگەیشتن، هەندیک لەو فۆنکشونانە بە هەندێکی ترەوە تێکەڵ دەبن و جۆرە داواکارییێک لە ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکانی (ف.ک.ک.س) دەکرێت کە ناراست و ناواقیعی و



www.arsivakurdi.org



## ناوەڕۆک

### باس و لێکۆڵینەوە


وتاری کۆمیتەی گشتی فیدراسیۆن بۆ کۆنگرەی ١٣مین.........
لە پێناوی راستیدا .................... حسێن محەمەد عەزیز
داخوا (دووی ڕێبەندان) ڕۆژی ................ کەریمی حسامی
کۆماری ئیسلامی ئێران و .................... ح. گەوهەری
ئەمڕۆ پێویستمان بە چی هەیە؟................ بوبێ ئەسەر
بانگەوازی پەرلەمانی کوردستان ...............


### ئەدەب و هونەر


چامە- ئۆکتافیوس باز........................ وەرگێر: هەندرێن
ئاوارە .......... شیعر ......................... فەرهاد پیربالْ
سوتان، زیندانی ژمارە نۆ......... شیعر............. شۆڕش محەمەد عەلی
بەیانی لیژنەی مافی مروڤی کورد...........................


### چاوپێکەوتن ......


خانووی مناڵە ئاوارەکانی سلێمانی .................. فایق عەبدولکەریم




دووی ڕێبەندان ...
لاپەرە 47



خانەیمناڵەئاوارەکان
لاپەرە 37


# بەربانگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوید
بەرپرسیار: ویلدان تانریکولو
*دەستەی نووسەران*
بەرۆژ ئاکرەیی، دیلان دەرسیم،
جەمال باتون، مستەفا ئایدۆوان،
بوبێ ئەسەر، حەمیدکلچاسلان، محەمەد هەبێلۆ

*پیتداچن و تەکنیکاران*
دیلان دەرسیم، بوبێ ئەسەر، جەمال باتون
ئابوونەی ساڵانە: ٢٠٠ کرۆنی سویدییە
بۆ دەزگاکان ٣٠٠ کرۆنی سویدییە



دەستەی نووسەران لە نووسین و وتارەکانی فیدراسیۆن و لەو نووسیناتەی بە واژۆی خاوەنەکانیان بڵاوده‌کرێنەوە، بەرپرسیار نییە.



ناونیشان:
BERBANG
Box 490 90
100 28 STOCKHOLM
Tel. 08- 652 85 85
Fax. 08- 650 21 20
پۆستگیرۆ: 8-80 38 64



ژمارە ٨٧ ساڵی (١٢) ١٩٩٣

☐ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید، لە ٦-٦-١٩٨١ دامەزراوە.
☐ گۆڤاری بەربانگ ژمارەی یەکەمی لە ١٩٨٢/٧دا، بڵاوکراوەتەوە.


www.arsivakurdi.org



# بەربانگ

گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوید.
ژمارە۸۷ ساڵ «۱۲»

Box 490 90, 100 28 Stockholm

B

SVERIGE
PORTO BETALT







www.arsivakurdi.org